

ستران عەبدوڵڵا
باوەڕ بە مەسەلەی
کەرکوك بهێنینەو
دیداری
ئازاد سەراوی
خەندان

ستران عەبدوڵڵا

# باوەڕ بە مەسەلەی کەرکوک بهێنینەوە

دیداری:

ئازاد سەراوی

خەندان

لە بڵاوکراوەکانی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن

ناوی کتێب:  باوەڕ بە مەسەلەی کەرکوك بهێنینەوە

چاپ: چاپی یەکەم

چاپ: چاپخانەی رەنج

تیراژ:  (١٠٠٠)

زنجیرە (١٥) لە بڵاوکراوەکانی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن

بەرنامەی فایلی کەرکوك لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان، ڕۆژی (٢٠٠٧/١٠/٣٠) دیدارێکی لەگەڵ ستران عەبدوڵڵا سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن سازکردووە، دەربارەی دواپێشهاتەکانی مەسەلەی کەرکوك و تەواوبوونی ماوەی ماددەی ١٤٠. لەبەر پەیوەستبوونی باسەکە بە دۆخی ڕووداوەکانی ئەمڕۆوە، بە چاکمان زانی وەکو نامیلکەیەك بڵاویبکەینەوە. تەنها سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە ئەم دیدارە هەموو بیروباوەڕەکانی ستران

عەبــدوڵڵا دەربــارە پرســـی کــەرکوك لەخۆناگرێت، بەڵکو تــەنها وەڵامــی ئــەو پرســیارانەیە کــە لــە بەرنامەکــەدا لێــی کراوە.

# پێشەکی

کەرکوک، لە ڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە، شارێکی دێرینی کوردستانییەو هەموو بەڵگەنامە مێژووییەکان ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە. بەدرێژایی مێژووی ڕابردوو، بەدرێژایی ئەو گفتوگۆیانەی لە (٣٥ تا ٤٠) ساڵی ڕابردوو سەبارەت بە کەرکوک کراوە، هەمیشە پێداگری لەسەر گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان و کوردستانیبوونی

ئەو شارە کراوە. لە بەرانبەردا ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق، کوردستانیبوونی شاری کەرکوکیان نەسەلماندووە، یان بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕێککەوتنیان ئەنجامداوە، دواتر لێی پەشیمان بوونەتەوەو ڕێگایان نەداوە کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. بەدرێژایی ئەو مێژووەش جۆرێك لە نیگەرانیو دڵەڕاوکێ هەبووە سەبارەت بە گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان. ئێستاشی لەگەڵدابێت، دەبینین زۆر لەو کەسانەی کە دەنووسن، زۆر لەو بیرورا جیاوازانەی کە هەن، گومانیان لە گەڕانەوەی کەرکوكو جێبەجێکردنی مادەی

(١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عیراقە. بەشێکیش لەوانەی پێیانوایە فەقەرەیەکە بۆ کات بەسەربردن‌و لایەنەکانی بەرانبەر تەنها بۆ بەڕێکردنی قۆناغێک ئەو ماددەیەیان پەسەندو قبوڵکردووە. تێڕوانینی بەشێک لە خەڵک بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عیراق بەو شێوەیە. قۆناغی داهاتوو چۆن دەبێت، ماددەی (١٤٠) ڕێوشوێنەکانی کامانەن‌و بەرەو کوێ دەڕوات. ڕیفراندۆم یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی قسەی لەسەر دەکرێت کە لە کەرکوک‌و ناوچەکانی کێشەی لەسەر ئەنجامبدرێت. ئایا تاچەند دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە؟ ئایا چ

ئامادەکارییەك کراوە؟ ئەگەر ڕیفراندۆم
لەو ناوچانە کرا،، لەسەر چ ئەساسێك
دەبێت؟ لەسەر ئەساسی پارێزگا یان
قەزاو ناحییەکان؟ ئایا ئالیەتێك یان
میکانزمێك هەیە تا ڕیفراندۆم لەکاتی
خۆیدا جێبەجێبکرێت؟ گوێگرانی
بەڕێزی ڕادیۆی "دەنگی گەلی
کوردستان" بۆ قسەکردن لەسەر ئەو
تەوەرانەو چەند تەوەرێکی تر
سەبارەت بە کەرکوك میوانداری
نووسەرو ڕووناکبیر کاك ستران عەبدوڵڵا
سەرۆکی دەزگای خەندانمان کردووە:

***بەدرێژایی مێژووی ڕابردوو و
ئێستاش قەڵەقییەك یان دڵەڕاوکێیەك
یاخود دوودڵییەك هەیە، سەبارەت بە**

گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان و سەبارەت بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عیراق. بەبڕوای جەنابت، ئەو دڵەڕاوکێیە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ هۆکارەکانی چین؟ قۆناغەکانی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عیراقیش کامانەن لە ئێستادا؟

## نیگەرانی دیوێکی چاکی هەیە، بەس نابێ بەچۆکماندا بدات

—لەباری پرەنسیپەوە، بۆ هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی، بوونی جۆرێك لە نیگەرانی، جۆرێك لە گوماندروستکردن و ڕەخنەگرتن لەو

هەواڵنامەی کتێب

سیاسەتە ڕەسمییەی لە بواری مەسەلەیەکی هەستیاری وەکو مەسەلەی کەرکوکدا پەیڕەودەکرێت، خۆی لە خۆیدا بە دیاردەیەکی خراپی نازانم. دیاردەیەکی تەندروستە کە ئەو خەڵکانەی لە بواری جێبەجێکردندان، هەمیشە زەنگێك لە گوێیان بزرنگێتەوە کە تێڕوانینێك هەیە نیگەرانە لەسەر مەسەلەی کەرکوك. دەتوانم بڵێم بە دیوێکی تردا، بارێکی تەندروست دەخوڵقێنێ کە باری بەئاگاییبوونو باری هاندانە بۆ ئەوەی لە کارکردندا بین، بەڵام نابێ ئەو نیگەرانیە وامان لێ بکات دەست لە ئەژنۆ دانیشینو پێمان وابێت ئیتر تەواوی مەسەلەکە لە دەست دەرچووە. کەواتە ئێمە ئێستا، لەبارەی

هەواڵنامەی کتێب

دیالەکتیکەوە، دەبێ بڵێین نیگەرانی
باشە لەو ڕووەوەی کە هانمانبدات بۆ
ئەوەی ئیشی چاکتر بکەین. خراپە لەو
ڕووەوەی کە ببێتە مایەی پەکخستنی
تواناکانی کارکردن. تا ئێستا ئەو
پەرەسەندنانەی مەسەلەی کەرکوک
بەخۆوە بینیویەتی، لەسەر ڕاستەڕێی
خۆیەتی کە ڕاستەڕێی چارەسەرێکی
سیاسیانەو قانوونیانەیە. ڕاستە
زەمەنی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)
تەواودەبێتو ئەو قۆناغبەندییەی بۆ
مەسەلەکە کرابوو وادەکەی بەسەر
دەچێتو نیگەرانییەکەی زیاترکردووە،
بەڵام جەوهەری مەسەلەکە نابێت بەو
شێوەیە بخوێندرێتەوە. پێموایە
جەوهەری مەسەلەکە ئەوەیە

ماددەیەکی دەستووری هەیە کە
قۆناغبەندی چارەسەری مەسەلەی
کەرکوکی کردووەو من پێموایە ئەو
ماددە دەستوورییە دەستکەوتێکی
گەورەیە بۆ کورد لەباری ئەوەی،
بەلایەنی کەمەوە هێزە سیاسییەکانی
عیراق‌و ئەوانەی کە پشتیوانی لە
پرۆسەی سیاسیی عیراق دەکەن لە
ئاستی جیهاندا، ئەوانی گەیاندۆتە ئەو
قەناعەتەی مەسەلەیەکی هەستیاریی
وەکو مەسەلەی کەرکوک هەیەو
پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی یان
دەستووریی بۆ چارەسەرکردنی
بدۆزرێتەوە. ڕۆحی ماددەی (١٤٠)و
جەوهەری ئەو ماددەیە گرنگترە لە
نیگەرانی لەسەر کاتی جێبەجێکردن.

هەواڵنامەی کتێب

بۆ ئەوەش حەزدەکەم بیرۆکەیەکم لێرە باس بکەم. هەرکەسێك، کە چاودێری بزوتنەوەی سیاسیی لە هەر شوێنێکی دنیادا بکات، دەزانێ هیچ ماددەیەك یا هیچ ڕێککەوتنێکدا نییە سەد دەر سەد جێبەجێکرابێت، بەڵام دنیاش هەمیشە بەرەو ڕێککەوتنو چارەسەرکردنی کێشەکان دەڕوات. ئێمە نموونەی زۆرگەورەی چارەسەری کێشەکانمان هەیە لە دنیادا کە بە ئەندازەی کێشەی کەرکوك ئاڵۆزبوون یاخود کەمتر یا زیاتر لەو ئاڵۆزبوون. ئەمە نیشانەی ئەوەیە ڕۆحی ئەو ڕێککەوتننانەو ڕۆحی ئەو ماددەو نەخشەڕێگایەی بۆ چارەسەری کێشەکان دانراون، گرنگترن لەو وردەکارییانەی کە پابەندبوون

پێیەوە، ئینسان تووشی دۆگما دەکات لە بیرکردنەوەو لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا. لەبنچینەدا قۆناغبەندکردنی چارەسەری مەسەلەی کەرکوك شتێکی تازە نییە، نە لە ئەدەبیاتی سیاسیی کوردیو نە لە ئەدەبیاتی چارەسەری کێشە نەتەوایەتییەکان لە ناوچەکەی ئێمەدا. من پێموایە ماددەی (١٤٠) وەلامدانەوەو ئیستیجابەیەکە بۆ ئەو قۆناغبەندیەی مەسەلەی کەرکوكو بۆ ئەو ڕەبتەی لەنێوان مەسەلەی کەرکوكو تەواوی مەسەلەی کوردستاندا هەیە. لەو ڕووەوە پێموایە مادەی (١٤٠) تەعبیرێکی باش لەو ئیرادەو هێزە دەکات کە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە عیراق پێی گەیشتووە. بە

دیوێکی تریشدا بۆ عەرەبەکانیش ئەو ماددەیە بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەو شتەیە کە توانیویانە ڕێکبکەون لەسەری لە کەرکوك. هەموو ڕێککەوتنێك تەعبیر لە ئیرادەی لایەنە ململانێکارەکان دەکات. بۆ نموونە، ئەو کاتەی ڕژێمی سەدام حسێن ڕووخا کورد توانی پرۆسەی تەعریبکردن ڕابگرێت لە عێراق و ئەو پرۆسەیە هەڵبوەشێتەوە، بەڵام چارەسەری ئەو ئاکامانەی کە لەو پرۆسەیە کەوتووە، لە ڕاگوێزانی کوردو بەعەرەبکردنی کەرکوك، ئەوە پێویستی بە جۆرێکی تری چارەسەرو هەنگاوی زیاتر هەبووە. لەبەرئەوە ماددەی (١٤٠) لە لەحزەیەکی مێژوویدا تەعبیردەکات لە

هەواڵنامەی کتێب

ئیرادەی کورد کە چیتر قبوڵی نییە تەعریبو ڕاگوێزان بکرێتو دەبێ ئەم کێشەیە چارەسەربکرێت. بە دیوێکی تریشدا، تەعبیر لەوە دەکات کە عەرەب نەیدەیتوانی درێژە بە سیاسەتی بەعەرەبکردنو ڕاگوێزان بدات لە کوردستاندا و لەباری نەفسیشەوە ئامادەنەبوو ئەوە قبوڵ بکات کە کەرکوك بداتەوە بە کورد. لەبەر ئەوە ئەم نەخشەی ڕێگایە، نەخشەی ڕێگایەکە بۆ چارەسەری مەسەلەی کەرکوك، کە ڕێگای یاسایی سیاسیو دەستووری خۆی بگرێتەبەر.

بێگومان عەرەبەکان ڕەنگە بە جۆرێکی تر سەیری ئەو مەسەلەیە بکەن، بێن لە هەلومەرجێکی تردا

هەواڵنامەی کتێب

وابکەن تەنازولاتێکی زیاتر بە کورد بکەن و کوردیش بە دیوێکی تردا ڕەنگە سەیری بکات، ئەویش ئەوەیە لە هەلومەرجێکی تردا باشتر لەوەی کە ئێستا پێم داگرتوە بتوانم پێ لەسەر چارەسەرکردن دابگرم. لەبەرئەوە من پێموایە ماددەی (١٤٠)، کە پێشتر لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتدا ماددەی(٥٨) بوو، گوزارشتە لە ئاستی ئەو ئیرادەیەی کە کوردو عەرەب لە عیراقدا پێیگەیشتبوون بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەیەکی هەستیاری وەکو مەسەلەی کەرکوک. پێموایە لە ئیشکردنی سێ چوار ساڵی ڕابردوودا بۆ کەرکوک، کورد بەشێوەیەکی گشتی لە پێشکەوتندایە، نەك لە پاشەکشێ.

بێگومـان هـەموو هـەنگاوەکان بـەدڵی خۆمـان نـین، بـەڵام ئێمـە هـیچ بزووتنەوەیـەکی سیاسـی نـابینین کـە نموونەیـەکی بـاڵای هـەبێت لـە چارەسـەرکردنی کێـشەکانداو هـەموو شـتەکان بـە دڵـی خـۆت بکەوێتـەوە، چونکە دواجار خەڵکێکی تـر هـەن کـە ئیرادەیـان هەیـە، ئەوانیش تێـڕوانینی تریان هەیە بۆ ئەو مەسەلەیە. ئەگـەر بەنەتیجـە لێکـی بدەینـەوە، پێموایـە تێڕوانینی کوردستانی داشـی سـوارترە لـەناو چارەسـەرە سیاسـی و یاساییەکاندا.

***باسم لەوە کرد کـە بـە درێژایی مێـژووی ڕابردوومـان و لـە ئێـستاشدا**

هەواڵنامەی کتێب

جۆرێك لە نیگەرانی یا دڵەڕاوكێ هەیە سەبارەت بەوەی كە كەركوك ناگەڕێتەوە سەر هەرێمی كوردستان، بەوەی لایەنەكانی بەرانبەرمان ئامادەنین ماددەی (١٤٠) جێبەجێ بكەن. ئەوانیش كات دەكوژن تا لە زەمەنێكی تردا ئەو ماددەیە بخەنە پەراوێزەوە یان هێزی یاسایی نەمێنێت. ئێمە دەبینین لە سەردەمی شێخ مەحمودەوە تا ئێستا كێشە لەسەر كەركوك هەبووە. ناكۆكی شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیزدا لەسەر ئەوە بووە كە داوای كردوە كەركوك بچێتە سەر حوكمدارییەكەی لە سلێمانی هەبووە. دواتر لە ٦٣وە تا ئەم قۆناغە، گفتوگۆ هەبووە لەسەر گەڕانەوەی كەركوك بۆ سەر كوردستان.

قۆناغـەکانی ڕابـردوو دەبیـنین هـەموو گفتوگۆکـان شکـستیان خـواردوە. ئـەو قەلەقـەی کـە باسمـانکرد لـەو قۆناغـە دورودرێژە مێژووییەوە سەرچاوەدەگرێت. دەتوانین بڵـێین قۆنـاغی داهـاتوو، کـە جەنابت باسی دەکەیت و دەڵێیت ڕۆحـی مـاددەی (١٤٠) جێبـەجێ دەکرێـت، دواقۆنـاغ دەبێت کـە ئـەو نیگەرانیانـە ناهێڵێـت و ماددەکـە وەکـو خـۆی جێبەجێـدەکرێت یـان پرەنـسیپە سـەرەکییەکان جێبەجێـدەکرێن لـە کەرکوکدا؟

## قۆناغبەندکردنی مەسەلەی کەرکوک

-مـن پێموایـە بـەڵێ، بۆچـی؟ لەبەرئەوەی لەو مێـژووەی کـە جـەنابت

هەواڵنامەی کێتی

باستکرد، هەمووکاتێك دوو مەسەلەی جەوهەری هەبوون بە نیسبەت بزووتنەوەی سیاسی کوردستانەوە: یەکەم مەسەلەی ئەو مافانەی لە هەلومەرجی مومکیندا دەتوانێ بە دەستیان بهێنێ، دووەم مەسەلەی ئەو داوایانەی کە کورد هەیەتیو خۆی لە تەمامیەتی خاکی کوردستاندا دەبینێتەوەو بریتییە لە کەرکوك و ناوچەکانی تر بۆ نموونە، حکومەتەکەی شێخ مەحمود، شۆڕشی شێخ مەحمود، شۆڕشو قۆناغە جیاجیاکانی کارکردنیو دروستکردنی دوو کابینەی حکومەتی مەلیکی کوردستان، دواوەتر لەوەش شۆڕشی کوردستان لە ساڵی ١٩٦١داو هەروەها

هەواڵنامەی کتێب

شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و ئینجا دوای ڕاپەڕین، لە هەموو ئەم قۆناغانەدا دوو مەسەلە هەن ئەگەر تێبینی بکەین جەوهەری کارکردنی کورد لەناو مەسەلەی کوردستان و مەسەلەی کەرکوکدا نیشاندەدەن. یەکێکیان ئەوەیە کە نابێت بە هیچ شێوەیەك قەوارەی سیاسیی کوردستان یان حوکمی خۆبەخۆی کورد لەسەر چارەسەری یەکلاییکەرەوەی مەسەلەی کەرکوك یەکبخەین. بۆ نموونە، حکومەتی شێخ مەحمود دادەمەزرێت، بەبێ ئەوەی لەبیری بچێت کە داوای کەرکوك بکات، بەڵام حکومەت دامەزراندنەکەی خۆشی لەناو شاری سلێمانی لەسەر ئەوە پەکناخات کە

هەواڵنامەی کتێب

کەی کەرکوک گەڕایەوە؟ شتێك نییە لە سیاسەتدا بڵێی هەموو شتێك یان هیچ شتێك. ساڵی (١٩٦١)، کە بزووتنەوەی کوردی دەست بە شۆڕش دەکات، لەکاتی شۆڕشدا داوای هەموو خاکی کوردستان دەکرا، بەڵام کە مفاوەزات دەستپێدەکات کەرکوک دەچێتە قۆناغێکی ترەوە، لەبەرئەوەی ناکرێ مەسەلەی سیاسیی کوردستان یان دروستکردنی کیانێکی سیاسی بۆ کورد لەسەر کێشەی دووەم، کە کێشەی کەرکوکە، پەکبخرێت. بەپێچەوانەوە، دروستکردنی کیانی سیاسیی کورد، کورد بەهێزدەکات و یارمەتی دەدات چارەسەری نەقڵەی دووەمی کێشەکە، کە کێشەی کەرکوکە، هێزی زیاترو



هەواڵنامەی کتێب

پایەدارتر بێت. لەبەرئەوە مەسەلەکە
دروستکردنی کیانێکی سیاسی نییە بۆ
کەرکوک، هەروەها ئەوەش ئەو فەوزاو
ئەنارشیزمە نییە کە تۆ بتەوێت هیچ
کیانێکی سیاسی لەو ناوچانەی کە
حکومەتی عیراقی ئیعترافیان پێ
دەکات، کە هەرێمی کوردستانە،
پەکبخەیتو بڵێیت هەتا کەرکوک
وەرنەگرمەوە، یا هەتا حەمرینم
نەدرێتێ، هیچ ناکەم. بۆیە
قۆناغبەندکردنی مەسەلەی کەرکوک
بیدعەیەك نییە کە ماددەی (١٤٠)
هێنابێتی یان بزووتنەوەی سیاسیی
کورد لە ماددەی (١٤٠)دا هێنابێتی.
لەڕاستییدا ئەمە ئەوپەڕی ژیریی
سیاسی نیشاندەدات. ساڵی١٩٧٠ کورد

هەواڵنامەی کتێب

ڕێکدەکەوێت لەسەر وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی، بەڵام مەسەلەی کەرکوک چوار ساڵ دوادەخرێتو قسەکردن لەسەر کەرکوک دەخرێتە دوای ئەنجامدانی سەرژمێرکردن هەتا بزانن کورد لەوێ چەندەو چەند نییە؟ لەساڵی ١٩٨٤و ٩١دا، کە دیسانەوە کورد مفاوەزات دەکات لەگەڵ حکومەتی عیراقیدا، ئەم مەسەلەیە دەبێتە جەوهەری گفتوگۆو باس لەوە دەکرێت چەند ناوچەمان پێ وەردەگیرێتەوە؟ لە مفاوەزاتی ٩١دا باسی ئەوە دەکرێت چۆن دەتوانین وەریان بگرینەوە؟ کاتێک مفاوەزات لەگەڵ حکومەتی عیراقیدا سەرکەوتوونابێت لە ٩١وە کورد کیانی

هەواڵنامەی کتێب

سیاسیی خۆی دروستدەکاتو هەرچی
پێ دەکرێ لە ناوچەکانی گەرمیانو
ناوچەکانی جێی تەماس وەری
دەگرێتەوەو دەیخاتە سەر کیانی
سیاسیی خۆی، بەڵام کیانی سیاسیی
کوردستان کە حکومەتی کوردستانە
پەکناخات لەسەرئەوەی دەبێت
کەرکوکیشم بدەنێ، بەپێچەوانەوە ئەو
کیانە سیاسییەو ئەو حکومەتەو ئەو
دامودەزگایەی کە لە حکومڕانیی کورد
کەوتوەتەوە، ئەمڕۆ لە کەرکوکدا
(ئەگەرچی کەرکوك بەشێك نییە لە
کوردستان) ڕۆڵێکی باشتر دەگێڕێ
لەوەی کە بزووتنەوەی سیاسیی
کوردستان، حکومەتو دامودەزگاو
دەسەڵاتی نەبووایە، ئەمەی ڕابگرتایە

هەواڵنامەی کتێب

هـــەتا كـــەركوك وەردەگيرێتـــەوە. لەبەرئەوە زۆر گرنگە ڕەچاوی ئـەم دوو پەيوەندييـــە ديالكتيكيـــەی نێـــوان كوردستان‌و كەركوك بكەين.

***ئايا جێبەجێ دەبێت؟**

–بـەڵێ مـن پێموايـە جێبـەجێ دەبێـــت بۆچـی، لەبەرئـــەوەی لـــە دەرەوەی ئاستی هێـزە سياسييەكانی عيراق مەسەلەيەكی جەوهەری تر هەيـە كە ئێمە دەبـێ دەرەقـەتی بێين وەكـو كـــورد، ئـــەويش ئەوەيـــە ئاســـتی بزووتنەوەی سياسيی كوردستان خـۆی لە چی قۆناغێكدايە؟ تـۆ پـێش ئـەوەی لـەوە بپرسـيت دوژمنەكـەت چ هێزێكـی هەيە، دەبێت بپرسيت خۆت چ هێزێكت

هەولنامەی کیز

هەیە. پێموایە بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستاندا ئەمڕۆ، بەو پێگەیەی کە لەناو عیراق‌و لە سیاسەتی ئیقلیمی‌و نێودەوڵەتیدا هەیەتی، خەریکە فاکتەری کوردی وەکو فاکتەرێکی ژیرو بەشێك لە هاوکێشە سیاسییەکان قبوڵدەکرێت. ئەمە هێزی بزووتنەوەی سیاسیی کورد نیشاندەدات. بۆ نموونە، لە عیراقدا ڕۆڵی سەنگینی کورد تەجاوزی ژمارەی دانیشتوانی کورد دەکات‌و بووەتە ڕۆڵێکی میحوەری لە چارەسەرکردنی زۆر کێشەی سیاسیدا. بەوەی کورد لە حکومەتی عیراقدا ڕۆڵی هەیە، سەرۆك کۆماری عیراق کوردە، بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لەچەندین ئاستدا لە دامودەزگای

هەواڵنامەی کتێب

ڕەسمییدا گوزارشت لە خۆی دەکات. هەروەها بەوەی ئێمە لە حکومەتی عیراقیدا دەورمان هەیە، لە دامودەزگا ڕەسمییەکانی ئەوێدا بەشدارین، لە پەرلەمانی عیراقیدا ئامادەین. کاتێکیش وردە وردە دامودەزگای تر دادەمەزرێن ئێمە دەورمان دەبێت. لەناو حکومەتی کوردستاندا ئێمە وەکو کورد قەوارەی سیاسیی خۆمانمان هەیە. ئینجا لەناو ئیدارەی ناوچەکانی جێی ململانێشدا، لە کەرکوك‌و خانەقیدا کورد دەورو ڕۆڵی هەیە. بزووتنەوەی سیاسی جگە لەوەی وەکو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی‌و سیاسیی خۆی ماوەتەوە، حزبەکانمان ماوەتەوە لەناو دامودەزگا ڕەسمییەکانی دەوڵەتدا بە هەر سێ

ئاستەکەی (ئاستی عیراق، ئاستی کوردستانو ئاستی کەرکوک) ڕۆڵی هەیە. ئەمانە هەمووی یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی کورد دەور بگێڕێ لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوکدا. مەسەلەی کەرکوکمان لەدەست نەداوە، ئەگەر قسە لەسەر کەموکوڕی بێت لە ئیدارەو بەڕێوەبردنی وەزعی کەرکوکدا، لەسەر ئەوە بێت ئەگەر وامان بکردایە باشتر بوو یان باشتر نەبوو، ئەوەیان مەسەلەیەکە وەکو وتم دەلیلی عافیێتە، دەلیلی ئەوەیە کورد بیردەکاتەوەو نیگەرانو پەرۆشە، بەڵام قسە لەسەر ئەوە بێت کە بڵێین مەسەلەکەمان لەدەستداوە، پێموانییە لەدەستمان دابێت، بۆچی؟ چونکە ئێستا قۆناغی

هەرە هەستیار لە مەسەلەی کەرکوکدا، کە قۆناغی ئاساییکردنەوەیە، دەستپێکردووە. نابێ لەم بوارەشدا هەوڵەکانی سەرکردایەتی کورد لە بەغدا لەبیربکرێن، بەتایبەتی جەنابی مام جەلال و لەناو حکومەتی عیراقیشدا کاك د. بەرهەم ساڵح، کە هەمیشە بەدواداچوونیان هەبووە بۆ مەسەلەکانی کەرکوك. لە ڕاستیدا قۆناغی ئاساییکردنەوە پێش جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)یش دەستپێکردبوو، کە گەڕانەوەی کوردەکانە، چ ئەوەی لەسەر ئەرك و حسابی خۆی ڕۆشتوەتەوە، چ ئەوەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان یارمەتی داوە، چ ئەوەی بە تێکەڵەیەك

لە توانای خۆی و هاوکاریی حکومەت گەڕاوەتەوە، چ ئەوەی بە جۆرێك لە جۆرەکان ئایندەیەکی گەشی پێ نیشاندراوەو ئەگەر بچێتەوە وای بۆ دەکرێ. هەموو ئەمانە- بۆ نموونە- وایانکردووە بەژمارە ڕێژەیەکی بەرچاوی کورد بگەڕێتەوە شوێنی خۆی. لەوەش گرنگتر هەموو ئەو کوردانەی کەرکوك، وەکو ماف مافی دەنگدانیان هەبووە لە هەڵبژاردنەکانی پێشووداو لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووشدا دەیانبێت. بەجەستە لەوێ نین، بە ماڵ لەوێ نین، بەڵام بە دەنگدان، لەساتە چارەنووسسازەکاندا لەوێن. دیوی دووەمی مەسەلەکە کە گرنگە، ژمارەیەکی بەرچاوی عەرەب،

تەنانەت پێش جیبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) ڕۆیشتوونەتەوە. عەرەب لەناو کایەی دەوڵەت لە کەرکوکدا بەرەو لاوازبوون دەچێت: ئەوەش مەسەلەیەکی تەبیعیە نەك مەسەلەی بەکوردکردنی شارەکە، ئەمە مەسەلەی باوەشکردنەوەی شارەکەیە بە مێژووی دێرینی خۆیدا. ئێستا قۆناغی ئەوە دەستیپێکردوە عەرەبەکان تەعویز بکرێنەوە. بێگومان ئەگەر بێتە سەر حەلی نموونەیی، بەڵێ هەموو عەرەب نەڕۆیشتونەتەوە، بەڵێ ئەم هەنگاوانە بە سستی دەڕۆن بەڕێوە، بەلام لە شوێنێکی دنیادا دیاردەیەکی کۆمەلایەتیم نیشاندە کە سەد دەر سەد بەو جۆرەیە کە لە کتێبو

ڕێککەوتننامەکاندا هاتوون؟ قورئان بە قورئانێتی خۆی، کە بۆ مسولمانان هاتووەتە خوارەوە، سەد دەر سەد جێبەجێ ناکرێت. بۆیە ئەوەی مرۆڤەکان لەسەر ئەرز جێبەجێی دەکەن، بێگومان ئەوە نییە لە دەقەکاندا هاتوون، بەڵام جاری وایە چارەسەرییەکان و پراکتیزییەکان لەسەر ئەرز چارەسەری وات بۆ دەدۆزنەوە کە لە خەیاڵی ڕێککەوتننامەکەو لە خەیاڵی ئەو دەقەدا کە لە ماددەی (١٤٠)دا هاتووە جێی نەبۆتەوە.

دەمێنێتەوە سەر دوو قۆناغی زۆر هەستیار و گرنگ، ئەویش ئامادەکارییە بۆ گێڕانەوەی ئیدارە، کە بێگومان

ئێستا بۆتە بابەتی گفتوگۆ. دووەمیشیان مەسەلەی ئامادەکارییە بۆ ئامارو ڕاپرسی. ئێستا زۆر بە سەراحەت مفەوەزییەی باڵای ئینتخابات ڕایگەیاندووە کە ئەو ئامادەیە ڕاپرسی بکات لە کەرکوك، ئەگەر هەلومەرج لەباربێت، کاتێك کە کاتی ماددەی (١٤٠) تەواودەبێت لە ماوەی دەستووریدا. ئایا تەواودەبێتو کۆتایی پێ دێت؟ ئایا گرفتی ئێمە لەوەدایە کە تەواوبووە؟ با ئەم پرسیارە جیدیانە بکەین کە ئایا گرفتەکە ئەوەیە ماوەی ماددەکە تەواودەبیٚو ئیتر بۆمان درێژناکرێتەوە یان گرفتمان لەوەدایە کە ئێمە پێمانوایە لە قۆناغی داهاتوودا ئەگەر درێژ بکرێتەوە کەڵکی نابێت،

چونکە گوایە ئیتر بزووتنەوەی سیاسی کورد لاوازدەبێت.

***ئایە ئەگەر لەکاتی خۆیدا جێبەجێ نەکرا، ئەوە کۆتایی هەموو شتێکە؟ ئایە ئەو ماددەیە درێژدەکرێتەوە؟ ئایا قۆناغی دوای درێژکردنەوە چی دەبێت؟ ئەو سەقفە زەمەنیەی کە بۆی دادەنرێت چەند دەخایەنێت؟ ئەگەر جێبەجێ نەکرا، دەتوانین بڵێین ئەو قۆناغە کۆتاییهات و ماددەی (١٤٠) هێزی یاسایی خۆی لەدەستدەدات؟**

-ماددەی (١٤٠) لە قۆناغی داهاتوودا، جگە لە جێبەجێکردنو لەوەی کە نەخشەی ڕێگایەکە بۆ

چارەسەر، دەبێتە دەسکەلایەکی بەهێز بەدەست بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانەوە بۆ ئەوەی کە ئیعتیباراتی حکومەتی عیراقی یا دیوی دووەمی بزووتنەوەی سیاسی عیراقی کە بزوتنەوەی سیاسیی برا عەرەبەکانمانە لە عیراقدا، تاقی بکاتەوە. پێموایە، ئەگەر عیراقییەکان قسە لەسەر پابەندبوون دەکەن بە دەستوورو یاساو چارەسەرە سیاسییەکانەوە، ئەوا ماددەی (١٤٠) جوانترین تەعبیرە لە پابەندبوون بە دەستوورو چارەسەری یاساییەوە. ئەگەر قسە لەسەر ئەوە دەکەن کە دەبێ چارەسەری دەرەوەی عیراق لەناو مەسەلەی کەرکوکدا هەبێت، ئەوا لەڕاستییدا عیراقچێتیو

نیشتمانپەروەریەتی خۆیان دەخەنە ژێر
پرسیاری ئەوەی کە هەمیشە بە
کوردیان وتووە پشت بە دەرەوە
دەبەستێ. ئێستا ئەوە خۆیانن ئەو
چارەسەریانە قبوڵدەکەن. پێموانییە
بزووتنەوەی سیاسیی کورد لەو تێزانە
نیگەران بێت کە دەیانەوێت ماددەی
(١٤٠) یان چارەسەری مەسەلەی
کەرکوك ببەنە نەتەوەیە کگرتوەکان،
بۆچی تەنیا فایلی کەرکوك بچێتە
نەتەوەیەکگرتووەکانو تەواوی فایلی
مەسەلەی کورد نەچێتە ئەوێ؟ کە
ئەمە مەوزوعێکە پێموانییە ئەوان
خۆیانی لێ بدەن. لە جەوهەری
ماددەی (١٤٠)یشدا باسی نێوبژیوانی
نێودەوڵەتی هاتووە، ئەگەر

عیراقییەکان نەگەیشتنە چارەسەرێك لەسەر مەسەلەی کەرکوك، ئەوا نێوبژیوانی نێودەوڵەتی ئەم ڕۆڵە بگێڕێ. پێموایە وەکو کوردیش نابێت لەم مەسەلەیە بترسین، بەڵام ئەمە هەنگاوێکی پێش وەختە، لەکاتێکدا ئێمە پتر لە چارەسەرێکی ناوخۆیی ماوە لە ئاستی عیراقدا کاری لەسەر بکرێت. بۆ نموونە، ئەگەر بە بیرتان بێت، لە دواکۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیدا بەڕێز مام جەلال ئاماژەیەکی بەوەدا کە بیرمان لە چارەسەرێك کردۆتەوە بۆ پەلەکردن لە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)دا، کە وای تەعبیرکرد، ئەگەر ئەو عەرەبانە ئارەزوومەندانە نەڕۆنەوە، کە بە گوێرەی ماددەی (١٤٠)

قەرەبوودەکرێنــــەوە، بـــۆ ئـــەوەی
هانبدرێن بچنەوە شوێنەکانی خۆیـان،
ئەوا دەکرێ بەشدارنەکرێن لە دەنگداندا
لەسەر چارەنووسـی کـەرکوك. پێموایە
ئەمـە مـەوزوعێکی زۆر گرنگـە، چونکە
ئەسڵی داواکاریی ئێمـە بۆ گێڕانـەوەی
بـــرا عەرەبـــەکانی، کـــە هـــاوردەن و
هاتوونەتـە کـەرکوك، لەبەرئـەوە نییـە
ئێمـە نامانـەوێت عـەرەب لـە کـەرکوك
بژین، بەڵکو لەبەرئەوەیە بوونی ئـەوان
لـە کـەرکوك لـە ئاسـتی مێـژوودا لەبـەر
ئـــەوە بـــووە کـــە داردەســـتی
جێبەجێکردنی تەعریب بوون، ئێستەش
بوونیـان لـە کـەرکوك و دەنگدانیان لـە
مەســەلەی شــارێکدا کــە ئــەوان
دانیـــشتووانە ڕەســـەنەکەی نـــین،

دیسانەوە دەیانکاتەوە بەدەسکەلایەکی نوێ. بۆیە ئەگەر ئەوان مەسەلەکەیان ببێتە مەسەلەی مرۆڤێکی ئاسایی کە لە شارەکە دەژینو داماڵدرێ لەوەی کە دەستکەلابن بۆ جێبەجێکردنی تەعریبو دەسکەلای ئەوەبنو نەیەڵن کەرکوك بگەڕێتەوە سەر کوردستان. پێموایە کورد گرفتێکی لەگەڵ عەرەبدا نییە لە کەرکوك، جەوهەری مەسەلەکە ئەمەیە کە ئەو عەرەبە هاوردانە بەشدارنەکرێن لە دیاریکردنی چارەنووسی کۆتایی شاری کەرکوکدا. ئەمە بەشێکە لەو چارەسەرانەی دەکرێ ناوی لێ بنێین چارەسەری داهێنەرانە، لە لەحزەی خۆیدا. تۆ چۆن بتوانیت کاتێك وەخت بەسەردەچێت لە

گێڕانەوەی عەرەبی هاوردە، ڕێگاو شوێنی تر بدۆزیتەوە بۆ گەڕانەوە، چونکە تۆ دەتەوێت عەرەب بگێڕیتەوە هەتا دەنگ نەدەن بۆ چارەنووسی شاری کەرکوك. دەمێنێتەوە قسەکردن لەسەر ئامار، پێموانییە ئامار هیچ گرفتێك بێت، چونکە ئەسڵەن کاتی خۆشی ئامار نەبوو بە گرفتێك بۆ هەڵبژاردن لە عێراقدا. کاتێك عێراقییەکان، بە تایبەتی شیعەو ئینجا کوردیش، ئارەزووی ئەوەیان هەبوو کە هەڵبژاردن بکرێت، ڕێوشوێنی جیاجیا دۆزرایەوە بۆ هەڵبژاردن کە ئەمڕۆ لە عێراقدا فۆڕمی بایعی، وەکو نموونە، جنسیەی حەقیقیو ناسنامەی ڕاستەقینەی هەموو عێراقییەکە، نەك

ئـــەو جنـــسيە عيراقييـــەی كـــە لـــە گيرفانيايـەتی، چـونكە فـۆرمی بايـەعی رێكخراوتـــرين پرۆســـەی ديـــاريكردنی ديمۆگرافياو دانيشتوانی عيراقـە. بۆيـە دەشێت ئەو بكرێتە بنەمايەك بۆ ئەوەی ئامارێـــك جێبـــەجێبكرێت و لـــەو چوارچـــێوەيەدا ڕاپرســـی بكرێـــت. ئاليەتـــەكانی ڕاپرســـی چـــين؟ ئـــەو لەحزەيـــەی كـــە كـــوردو عـــەرەب و عيراقييـــــەكان، بەتايبـــــــەتيش دەســـەڵاتداران لـــە عيراقـــدا، دەگەنـــە گفتوگـۆكردن لەســەر ئـەوەی ئاليـەتی ڕاپرسی چييە؟ ئايا شار دەيكات يان پارێزگـا دەيكـات؟ ئەمـە جەوهـەری جێبـــەجێكردنی مـــاددەی (١٤٠)ەو كـوردیش نابێـت لێـی بترسێت و دەبـێ

سیناریۆ بۆ ئەم مەسەلانە حازربکات.
کورد پابەندە بەدەستوورەوە، لەچی دەترسێت؟ ئەو کەسانەش کە دەیانەوێت پشت لە ماددەی (١٤٠) بکەن لە برا عەرەبەکانمان، من هەر ئەوەندە دەڵێم کە لە ئەوان بەهێزتر، کە حکومەتە پێشووەکانی عیراق بوون، ویستیان مەسەلەی کەرکوك پەکبخەن. مەسەلەی کەرکوك بوو بە نەزیفێك لە چەند دەیەو چەند ساڵی ڕابردوودا عیراقی توشی دەیان کێشەی گەورە کرد، ئەمڕۆش دەبێتە نەزیفێك کە لە چەند ساڵی داهاتووشدا عیراق توشی کێشە دەکات. بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە پابەندبوون بە چارەسەرە دەستوورییەکانو ماددەی (١٤٠)وە

مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرنگە. ئەوە ئێمە نین کە پرسیارمان لێ بکرێت ئەی ئەگەر جێبەجێ نەکرا چی بکەین؟ ئێمە دەبێ بپرسین ئەی ئەگەر برا عەرەبەکانمان پابەندی دەستوورو یاساو ڕێکەوتنەکان نەبن بەدیلیان چییە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوک؟ ئایا بەدیلیان ئەوەیە لە قۆناغی داهاتوودا زاڵدەبنەوە بەسەر کورددا؟ لەڕاستیدا کورد جاران زۆر لاوازیش بوو، ئەوان زۆر بەقوەتیش بوون، بەڵام مەسەلەکە هەر مایەوە، چونکە مەسەلەی خاك و نیشتمانو نەتەوە بە ئاسانی بەهێزو بەکیمیاوی چارەسەرناکرێت. لەبەرئەوە دەبێت بگەڕێینەوە سەر مەوزوعی ئەسڵی

خۆمان، ئەویش پابەندبوونە بە ماددەی (١٤٠)و بەو نەخشە ڕێگایەوە کە دانراوە. وردەکاریی ئەمە چۆنە ئەگەر ماددەکەو کاتەکە بەسەربچێت؟ ئەوە کاتی خۆی دێت، گرفتێك نییە کە چۆن عیلاج بکرێت، چونکە دەبێ قەرەبووی ئەوکات بەسەرچوونە بکرێتەوە بۆ گەلی کوردستان. کورد لەم قۆناغەدا دەتوانێ پێ داگری بکات لەسەرئەوەی کە قەرەبووی ئەو کات بەسەرچوونەی بۆ بکرێتەوە. بەمەش ماددەی (١٤٠) هەم نەخشەی ڕێگا دەبێت، هەم دەبێتە دەستکەلا بەدەست بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانەوە. بێگومان جارێ ڕەنگە زووبێ ئێمە قسە لەسەر ئەوە بکەین چۆن قەرەبووی کورد بکرێتەوە

لەبەرانبەر ئەو جێبەجێ نەکردنە؟ بەڵام ئەگەر مەسەلە ترس بێت لەوەی کورد لە قۆناغی داهاتوودا هێزی خۆی لەدەستبدات، لە ڕاستیدا من ئەم ترسە بە ڕەوا نازانم، چونکە ئەگەر ترس ببێتە فۆبیایەك لەناو میللەتی کوردو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا، مانای ئەوەیە دەتوانین بەدیوێکی تریشدا بڵێین جا وا ڕۆژێك کەرکوکیشمان وەرگرتەوە، نەخێر وا دەوڵەتی کوردیشمان دروستکردو هەموو ئەو ئاواتە نەتەوەییانەشی کە هەمانە کردمان، بەڵام ئەم فوبیایە ئەگەر بەردەوامبێت، دەبێت لە هەر لەحزەیەکدا لەوەش بترسین دەوڵەتێکی گەورە بێتو وڵاتەکەمان داگیربکاتو

جارێکی تر کوردستان‌و کەرکوکمان لێ وەربگرێتەوە.

ئەگەر کورد لاوازبێت، لەڕاستیدا نەك کەرکوك، میزانیەی کوردستان، بەشداری کورد لە حکومەتی بەغداو حکومەتی کوردستانیش دەکەوێتە بەردەم مەترسیەوە. لەبەرئەوە ئێمە دەبێت ئیش لەسەر ئەو سیناریۆیە بکەین کە کورد هەمیشە بەهێزبێت، نەك بەگیانی ئەگەری لاوازبوون‌و پاشەکشێی کورد لەناو بزووتنەوەی سیاسیی عیراقدا کاربکەین.

***زۆرجار دەوترێت لەم قۆناغەدا، ئەگەر ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عیراق جێبەجێ نەکرا کە**

**سەرۆك كۆمارو جێگری سەرۆك وەزیر كوردەو ژمارەیەك پۆستی گرنگ بەدەست كوردەوەیە، بێگومان لە قۆناغی داهاتوودا جێبەجێ ناكرێت. ئەمە جۆرێك بیروڕایە لای ژمارەیەك خەڵك، بەڵام ئایا بڕیارە ئێمە لە داهاتوودا بێهێزبین لە عیراقدا؟**

## پێویستە بزووتنەوەی كورد دەستپێشخەری بكات

—بڕیار نییە، نەك بە مانای ئەوەی كە سیناریۆیەكی موحتەمەل نییە، بەڵكو بەو مانایەی ئەی ئێمە بزووتنەوەی سیاسیمان بۆچییە؟ ئەی كوردایەتی یانی چی؟ ئەگەر تۆ خۆت

هەوڵ نەدەیت خۆت بەهێز بکەیتو بەربەستی ئەو فاکتەرانە نەکەی کە تۆ لاوازدەکەن؟ بۆیە دەبێ ئیش لەسەر ئەوە بکەین ئەم هێزەی هەمانە پتەوتری بکەین، نەك ئیش لەسەر ئەو خۆگرمۆڵەکردنە بکەین کە وەڵڵا ئەگەر لاوازبین چۆن بکشێینەوەو چۆن بتوانین شوێنو پێگەی خۆمان بپارێزین؟ بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان دەبێت لە قۆناغی بەرەڤانیو داکۆکیکردنەوە بچێتە قۆناغی هێرشبردنەوە. هێرشبردن نەك بە مانا سەربازییەکەی، بەڵکو هێرشبردن بە مانا سیاسییەکەی، قۆناغی دەستپێشخەری لە چارەسەری کێشەکاندا. من ماددەی (١٤٠)م دەوێ

کــــەهی دەســــتوورە، عیراقییــــەکان مــشتوومڕ لەســەر ئــەوە دەکــەن (ئــەو بڕگەیە چی دەگەیەنێو عەرەب گوناحە مــەینێرەوە). پێویــستە بزووتنــەوەی سیاسیی کورد دەستپێشخەری بکاتو چــوار چارەســەری تــر بخاتــە ســەر چارەســەری مــادەی (١٤٠). دەبێــت بزووتنـــــەوەی سیاســـیی کـــورد دەستپێــشخەری بکـــات تـــا ئـــەو ئەندازەیەی عەرەب تووشـی موفاجەئـە بکــات لــەو دەستپێــشخەریانەی کــە دەیانکـات، نــەك ئێـستا عـەرەب بـێنو کورد تووشی موفاجەئە بکەن لەو شـتە دەسـتووریانەی حـەقێکی دەسـتووریەو دەنگـــــی لەســــەر دراوە. ئەمــــە گواســتنەوەی بزووتنــەوەی سیاســیی

کوردستانه له قۆناغی بەرەڤانیو داکۆکی له خۆکردنەوه، له قۆناغی شەرمنیەوه (بەوەی ئەگەر توخوا جێبەجێی نەکات چی بکەین؟) بۆ قۆناغی هێرشبردن، بۆ قۆناغی ئەوەی بزووتنەوەی سیاسی له عیراق، بزووتنەوەی برا عەرەبەکانمان، بخەینە بەردەم بەرپرسیارییەتیو پرسیاری ئەوەی که ئەگەر ئەوه چارەسەرناکەیت بەم شێوەیه، فەرموو ئەمە چارەسەرێکی تر، ئەگەر ئەمە چارەسەر ناکەیت، فەرموو ئەوه. له هەموو مفاوەزاتەکانی دنیادا وایه، بۆ نموونه دەبینین جەوهەری داوای فەڵەستینییەکان نەفسی جەوهەره، جەوهەری داوای ئیسرائیلییەکانیش

نەفسی داوایە، بەڵام هەر جارەی بە گوزارشتو دەستەواژەی جیاجیا ئەو مەسەلەیە تەعبیردەکەن. کورد مەسەلەی کەرکوكو تەمامیەتی خاکی کوردستانی هەیەو لە قۆناغی پێشوودا بەشێوەی جیاجیا تەعبیرمان لێ کردووە، ئێستا بە شێوەی جیاجیا تەعبیری لێ دەکەینو لە ئایندەشدا دەتوانین شێوازی تر بدۆزینەوە بۆ ئەوەی کە تەعبیری لێ بکەین، بەڵام ئێمە -وەکو هاووڵاتیەکی کەرکوك دەیڵێم- نابێ بە هیچ شێوەیەك تێکڕای مەسەلەکانی تری کوردستان لەسەر مەسەلەی کەرکوك پەکبخەین. لەڕاستیدا ئێمە ململانێمان لەگەڵ بەغدا لەسەر کەرکوك نییە بە تەنها،

ئەگەرچی کەرکوک مەسەلەیەکی جەوهەرییە، ئێمە ململانێمان لەسەر ئەوەیە کە دەوڵەتو دەستوورو شکڵو شێوەی دەوڵەتی عیراق لە ئاییندەدا چۆن بێت کە پێگەی کورد پتەوبکاتو چۆن وابێت کە بەشی کورد لە نەوتو میزانیە دابینبکات، بەشی کورد کۆمەڵێك شتمان هەیە کە ئەمانەش بەشێکن لە کارکردنی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان، چ لە کوردستانو چ لە بەغدا. ئەمانەش بەشێکن لە مەسەلەی کەرکوك، چونکە بەقوەتکردنی ئەو جومگانەی کە حوکمی خۆبەخۆی کورد بەهێزدەکەن، لەناو کوردستانو عیراقدا، خۆی لەخۆیدا بەقوەتکردنی کەرکوکو

پـەرژین دروسـتکردنە بـۆ کـەرکوك کـە هەسـت بکـات فاکتـەرێکی بـەهێزی کوردی هەیە لـە تەنگژەکانـدا دەتـوانێ داکۆکی لێ دەکات.

***زۆرجار دەوترێـت مـادەی ١٤٠ ی دەستووری هەمیشەیی عیراق لە ئەساسدا مـساوەمەیەکەو کـراوە. نـاکرێ لـە تەعدیلی دەسـتووردا مـساوەمەی تـری لەسەر بکەین. یا مـادەی ١٤٠ ئەخرێتـە ژێر پرسیارەوە. ئەکرێ بڵێین مادەی ١٤٠ بۆچی دروستبووە، بۆچی پەسەند کراوە.**

## بەڵێ دەکرێ سازش بکەین

—هەنـدێ مـوفرەدات هـەن دەبـێ چـیتر لێیـان نەترسـین! بزووتنـەوەی

کوردستان لە قۆناغی بەرەنگاریو شۆڕشەوە دەچێتەوە قۆناغی هێرشبردنی سیاسییەوە. وشەی سازش، ئەگەر جاران گوزارشتێك بوو بێت لە پاشەکشێ، ئەمڕۆ گوزارشت نییە لە پاشەکشێ، بەڵکو ئەمڕۆ گوزارشتە لە گفتوگۆو دانوستاندنو پێ سەلماندن. فایدەی چییە من هەر بڵێم کەرکوك بەشێکە لە کوردستان، بەڵام نەتوانم لایەنی عیراقی بگەیەنمە ئەو قەناعەتە کە بەڵێ ئەمە بەشێکە لە کوردستانو ئەو تەگبیرە سیاسیو ئەمنیو یاساییەیان پێ بسەلمێنم کە بە فیعلی کەرکوك بکاتە بەشێك لە کوردستان؟ لەبەرئەوە پێموانییە ماددەی (١٤٠) خۆی لەخۆیدا

مساوەمەیە. بەڵێ من دەزانم کەرکوك بەشێکە لە کوردستان، بەڵام ئەمە ڕوئیای ئێمەیە، ئەمە ڕوئیای عەرەبەکان نییە. لەبەرئەوە ڕەنگە ئەوانیش وا بیر لە ماددەی (١٤٠) بکەنەوەو بڵێن ئەمە مساوەمەیە. بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان میراتگری ئەم بارودۆخەیە کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە. قسەی سیاسەتمەدارێکی شەهیدی گەورەی کورد هەیە دەڵێ: "ئەگەر پێشینان باش خەباتمان بکردایە، ئەمڕۆ پێویستمان بە خەبات نەدەبوو." ئێمە لە نەوەی پێش خۆمانەوە ئیستلامی بزووتنەوەیەکی سیاسی دەکەین کە ئەم ئاستە لەپێگەیشتنی هەیە، ئەم

ئاسته له تواناو هێزداری هەیە، له فلان بواردا بەهێزه، لە فلان بواردا ڕوو له بەهێزبوون دەکات. یەکێك لە ئاواتەکانی کورد ئەوە بووە کە بتوانێ لەگەڵ عێراق و لە مەحفەلی نێودەوڵەتیدا قسە لەسەر کەرکوك بکات. ئێستە ئەو هەلومەرجە هاتۆتە پێشەوە کە قسەی تیا بکەین، ئیتر بۆ پاشەکشێ دەکەین؟ بۆ دەترسین لەو مەنتیقە؟ پێویستە ئەوانە بترسێن کە حوجەی یاساییان نییە، کە حوجەی مێژووییان نییە، کە حوجەی جوگرافیان نییە لەپێ سەلماندنی کوردستانییەتی کەرکوکدا، نەك ئێمە کە مێژوو و جوگرافیا لەگەڵماندان و مەنتیقیش لەگەڵماندایە، چونکە کاتێك

دەمانەوێت جوگرافیای کوردستان بەو شێوەیە بێت کە لەگەڵ مەفهومی دەوڵەتی عیراق و عیراقێتی بووندا بیگونجێت، ئەوە تەنها ئێمەین هەوڵ و کۆشش بۆ پێشخستنی ئەدەبیاتی سیاسیی عیراق دەدەین، تەنیا کوردە لەناو بزووتنەوە سیاسییەکانی عیراقدا دەیەوێت کوردستان و عیراقیبوون بەیەکەوە بگونجێنێ. برا عەرەبەکان چیان پێیە جگە لەوەی کە عیراق ئەوەل و ئەخیرە و بڕایەوە؟ لەکاتێکدا تەنها ئێمەین جەوهەرێکی فکری و سیاسی نیشاندەدەین، وەکو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لەوەدا کە گونجانێک لەنێوان ڕاستیە مێژووییەکانی کوردستان و ڕاستیە

جوگرافیەکانی کوردستانو عیراقی ئەمڕۆدا بکەین. گونجانێك لە نێوان ئەو کیانە سیاسییەی ئەمڕۆ کە عیراقی تازە لە یەکێتی ئارەزوومەندانە کۆمانیکردۆتەوە. لەبەرئەوە ئەوە ئێمەنین کەوتوینەتە بەردەم پرسیارەوە، ئەوە ئەو خەڵکانەن کە ئێمە دەڵێین وەرن دەیان شێوازی چارەسەر دەدۆزینەوە، کەچی خۆیان لە مەسەلەکەو لەو ڕێگاچارانە دەدرنەوە. پێشموایە لەو ڕووەوە کورد نابێ بترسێ، بەپێچەوانەوە دەبێ دەستپێشخەربێتو بچێتە پێشەوە. ئەو ڕێوشوێنە دەستووریانەی کە دانراوە پێیەوە پابەندبێتو تا ئاخیر لەحزە داکۆکیان لێ بکات. ئەو کاتەی کە

ماوەی قـانونی خۆیـان بەسەردەچێت، بیکاتە دەسـتکەلایەك بـۆ گفتوگـۆکردن لەگەڵ ئەوان. بڵێ فەرموون قسە لەسەر قانونە، ئەوە قانونتان جێبەجێ نەکرد، قـسە لەسـەر ئـەوەی کـە ڕای میللـەت بپرسین، ئەوە جێبەجێتان نەکرد، قسە لەسەر ڕاستییە مێژووییـەکان دەکـەین، دەڵێین ئەوە جاری جارانە، قسە لەسەر ڕاستیە جوگرافیـەکان دەکـەین، دەڵێن ئەوە جارانە. دەباشـە بـا قـسە لەسـەر ئەوە بکەین کە کێ ئێـستا لـە کـەرکوك تـەواجود و هێـزو قـوەتی زۆرتـرە؟ ئەوەشـیان پێموایـە فاکتەرێکـە لـە قـازانجی کـوردە، چـونکە ئـەمڕۆ کـورد گەشاوەتەوە لە شارەکەی خۆی. ئەگەر ئیرهـابی لـێ دەرچـێ، کـە دەردێکـی

عیراقییه له تەواوی شوێنه جیاجیاکانی عیراقدا هەیە، ئەوا کورد سەربەرزه له کەرکوك‌و هەنگاودەنێ بۆ ئەوەی ئەم شاره بگەشێنێتەوەو بیبوژێنێتەوەو بەدڵی دانیشتوانەکەی لێ بکات. بۆیە فاکتەری زۆر بەهێز یارمەتی کورد دەدەن له چارەسەرکردندا، مەگەر فاکتەری دژ ئەوه بێت که لەناوبردنی کیانی سیاسیی کوردستان‌و لەناوبردنی کورد خۆی وەکو نەتەوەیە، ئەوەیان مەسەلەیەکه من نه تەوەقوعدەکەم ڕووبدات‌و نه پێشموایه لەم قۆناغەدا ڕوودەدات، دەشێ وەکو سیناریۆیەکی ڕەش له چەکمەجەدا دابنرێت‌و کورد بیری لێ بکاتەوه له حاڵەتی وادا چۆن مواجەهەبکات، بەڵام له ڕاستیدا نابێ

بیکـــەین بـــە تـــرس لـــە ئاینـــدەی کوردستان، دەبێ یارمەتیدەرمان بێت بـــۆ چارەســـەرکردن‌و بـــۆ قـــایلکردنی چارەسەرییەکان، نـەك ببێتـە فاکتـەری ئەژنۆشکاندن‌و گریان‌و باوکەڕۆو ئەوەی کـــە مەســـەلەکانمان لەدەســـت دەردەچێت. لەجیاتی ئەوەی بگرین بۆ ئـــەو مەســـەلانەی کـــە لـــە دەســـتمان دەردەچن، دەبێ تێکۆشین بۆ ئـەوەی بە دەستیان بهێنین.

***ماددەی (١٤٠) چەندی پەیوەندی بەجێبەجێکردنـــەوە هەیـــە لەلایـــەن مەرکەزەوە کە بودجەی بۆ دابین بکات‌و هەنـــدێ ڕێوشـــوێن بگرێتەبـــەر، ڕەنگـــە هێندەشی لە ئەرکی جێبەجێکردنی ئـەو**

**مادده‌یه له‌سه‌ر شانی سه‌رکردایه‌تی سیاسیی کورد بووبێت. پێتوایه له قۆناغی ڕابردوودا سه‌رکردایه‌تی سیاسیی کورد، چی نه‌کردوه که ده‌بوایه بیکردایه؟ پێتوانییه ده‌بوایه بودجه‌یه‌کی باش له‌لایه‌ن سه‌رکردایه‌تی کوردستانه‌وه دابین بکرێت، هه‌تا هانی خه‌ڵك بدات بۆ ئه‌وه‌ی متمانه‌یان لا دروستبێت؟ پێتوایه خاڵی به‌خۆداچونه‌وه له کوێوه ده‌بێت؟**

—شت کراوه، به‌ڵام ئه‌و شتانه‌ی که کراون په‌رته‌وازه‌ن. جارێ له چه‌ند ساڵی ڕابردوودا حاڵه‌ت له کوردستاندا نمونه‌یی نه‌بوه هه‌تا پێمان وابێ کارکردن بۆ که‌رکوك ده‌بێت نمونه‌یی بێت. تازه دوو ساڵ به‌سه‌ر یه‌کگرتنه‌وه‌ی په‌رله‌مان و حکومه‌تدا

تێپەڕیوە. پێموایە ئەو کۆششانەی یەکێتی کردونی ناکرێت نادیدە بگیرێت، بەڵام گرفت ئەوەیە، وەکو زۆر شتی کورد، بەداخەوە ڕێکوپێك نییە. شتی مونەزەم تەنها یارمەتیت نادات کە ببینی چی کراوە، بەڵکو یارمەتیت دەدات لەوەدا کە ئەوەی دەکرێت، ئەگەر کەمیش بێت، باشتر بەرهەمدار دەبێت، بەڵام ئەوەی دەکرێت، ئەگەر مونەزەم نەبێت، هەتا ئەگەر زۆریش بێت، بەرهەمەکەی کەمتردەبێت لەوەی کە بەڕێکوپێکیو مونەزەم بێت. پێموایە کەرکوك لە باری ئاوەدانکردنەوەوە، چ بۆ ئەوەی کە ئاوەدانکردنەوە یارمەتی ڕەنگدانەوەی سیاسی مەسەلەکە بێت بۆ چارەسەر،

چ بۆ ئەوەی خەڵکی کەرکوکیش وەکو هەر دانیشتوانێك پێویستیان بە ئاوەدانکردنەوەیە، چ لە باری ئینسانی و چ لە باری سیاسیشەوە، کەرکوك پێویستی بە پیلانی "مارشاڵ"ێکە کە بودجەیەکی ڕێکوپێکی بۆ تەرخان بکرێت، بۆ ئەوەی لە هەموو ئاستەکاندا ئاوەدان بکرێتەوە. ئەو پلانە دەبێ وا دابنرێت چەند مەرحەلەیەك بێت، لێرەوە بۆ ١٠ ساڵی تر بێت. دەبێت سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لە ئایندەو چارەنووسی کەرکوك نەترسێت، لەوە نەترسێت بڵێ وەڵڵایی نایەتەوە باوەشی خۆم، بۆیە سەرەنجام دوودڵ بێت لە پارە خەرجکردن تیایدا. لە ڕاستیدا کەرکوك

حــــوكمی مێـــژووه. ئینگلیزەکــــان قـــسەیەکی لـــەم بابەتـــەیان کـــردووه وتویانە کەرکوك سێوێکە لەسەر دارەکە هاکـا کەوتــە باوەشــی کوردسـتانەوە. لەبەرئەوە ئـەم سـێوە دەبـێ موراعـات بکرێـت، بـاش نەشـونمای پـێ بـدرێت. بۆیە دەبێت پلانی مارشاڵ لە کەرکوکدا دابنرێتو ڕەچاوی ئەوە نەکرێت ئـەمڕۆ لــە شــوێنێك تەقینەوەیــەك دەکرێــتو ئیرهـاب لەکاردایـە یـان ڕەچـاوی ئـەوە بکرێت بڵێ ئەی ئەگـەر نەهاتـەوە سـەر کوردسـتان ئـیتر ئێمـە بـۆ پـارەی تیـا سـەرف بکـەین؟ ئەگـەر پـارەی تیـا سـەرف بکـەین پەیامـە بـۆ خـەڵکی کەرکوك کـە بـەڵێ ئـەوە ئایندەی ئـەم شـارە بـۆ کوردسـتانە، دووەمـیش

ماسجی سیاسیشە بۆ ئەوانەی پێیانوایە کەرکوك کوردستانی نییە. دەڵێن نەخێر ئەوە کورد بەو قەناعەتەوە کاردەکات کە ئەو شارە بەشێکی وڵاتی خۆیەتی بۆیە بە باوەڕەوە ئاوەدانی دەکاتەوە. بێگومان لەئاستی ژیانیشدا ڕەنگدانەوەی باشی دەبێت لەسەر خەڵکەکەو ئەوە دەتوانێ کەرکوك باشتر لە باری سیاسیەوە نزیکبکاتەوە لە چارەسەرکردن. چونکە بەشێکی کێشە کۆمەلایەتی‌و سیاسییەکانی کەرکوك‌و ئەو گرژیەی لێرەو لەوێ دەبینرێت، سەبارەت بەوەیە کە ڕەنگە لە زۆر شوێن بێکاری هەبێت، لە زۆر شوێندا ڕەنگە ئاسۆی ژیانی کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و هەتا فەرهەنگی

خەڵکەکەش ڕوون نەبێت. لەوە سەرچاوەبگرێت ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان بێت یارمەتی ئاوەدانکردنەوەی کەرکوك بدات، خەڵکەکە دادەمەزرێنێتەوە لەسەر خاك و وڵاتی خۆی، ئەو کاتەش چارەسەرە سیاسییەکان و ڕێوشوێنە دەستوورییەکان دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت.

***ئێستا باس لەوە دەکرێت کە بەبێ ئاماریش ڕیفراندۆم لە کەرکوك و ناوچەکانی تر ئەنجامدەدرێت، هێندەی جەنابت ئاگاداربیت ئەو ڕیفراندۆمە لەسەر ئاستی پارێزگا یان قەزاو**

**ناحیەکان دەبێت؟ ئەگەر لەسەر ئاستی قەزا یان ناحیە بێت، پێتوانییە هەندێك لەو ناوچانە لەدەستبدەین کە ئێمە چەندین ساڵە داکۆکیان لێ دەکەین و ناوچەی کوردین و لە پرۆسەیەکی مێژوویدا تەعریبکراون و لەباری دیموگرافیەوە شێوێنراون؟**

## قۆناغبەندی ریفراندۆم

-پێموایە ناوچە لەدەست دەدەین، چونکە ئەمە حوکمی مێژووە. هەتا ئەگەر بەهێزیش بیکەیت، ئایا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە رووبەڕووبونەوە لەگەڵ دەوڵەتی عیراقدا تاکوێ دەتوانێ بڕبکات؟ ئەمە واقعی سیاسییە، دەبێ قبوڵی بکەیت. قسە

لەسەر ئەوەیە چۆن وا بکەیت ئەو
شوێنە هەستیارو گرنگانە کوردستان،
کە ناکرێت دەستبەرداری بیت،
بەدەست بێنیتەوە. بۆیە باشترین شت
ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ سیاسەتە ژیرە
ڕەچاوکراوەکەی بزووتنەوەی سیاسیی
کوردستان کە تەنانەت قۆناغبەندکردنی
مەسەلەی ڕیفراندۆمیشە. من لە ئاستی
شەخسیدا قسەدەکەم، وەکو
نووسەرێك، وەکو پێشمەرگەیەکی
بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان
قسەدەکەمو نازانم سەرکردایەتی
سیاسیی کوردستان بیرکردنەوەی لەم
مەوزوعەدا چۆنە، بەڵام پێموایە هەتا لە
مەسەلەی ڕیفراندۆمێشدا دەتوانین
قۆناغبەندی بکەین. ئەمە بیروڕای

شەخسی خۆمە، نەك بیروڕایەكی ڕەسمی. قۆناغبەندیکردن یەعنی دەتوانین ئەو شوێنەی هەلومەرج لە بارە بۆ بردنەوە بیخەینە بەردەم ڕیفراندۆمەوەو ئەو شوێنەی لەبارنییە با خاوەخاوی تێدا بکەین (خۆ بەس تەنیا برا عەرەبەکانمان دەستی دەستی نەکەن، با ئێمەش فێری دەستی دەستیکردن بین) بتوانین هەندێکی دوابخەین، چونکە پێموانییە ڕاپرسی لە یەك ڕۆژو لەیەك شوێندا پێکەوە بکرێت، چونکە ئەمە ئیمکانیاتێکی لوجیستی زۆری دەوێت. بۆیە لەو بڕوایەدام ئەو شوێنانەی مسۆگەرن کاری لەسەر بکەین، بۆیە لەگەڵ ئەوەدام تەقتیع بکرێت. لە ئاستی

پارێزگادا نەکرێت، لە ئاستی ناوچە ناوچە بکرێت باشترە، تەنانەت بۆ کەرکوکیش باشترەو لە قازانجمان دەبێت، لە هەندێك شوێندا بکرێت کە ئامادەیە بۆ ڕاپرسی، بۆ نموونە مەخموور، پێموانییە گرفتی تیا هەبێت. هەندێ شوێنی تر هەیە موشکیلەی تیانییەو پێویستدەکات داکۆکی بکەین لەسەر ئەوەی بیانگێڕینەوە، بۆ نموونە چەمچەماڵ، ئەگەر تەواوی پارێزگاکە بێت، پێویستە چەمچەماڵو کەلار لە دەنگدان بەشداربکرێن.

***پێتوایە قەزاو ناحیە دابڕاوەکان بەشداردەکرێن لەو پڕۆسەیەدا؟**

—دەکەوێتە سەر ئەو مفاوەزاتەی لیژنەی ماددەی (١٤٠)و بزووتنەوەی

سیاسیی کوردستان دەیکەن. ئێمە پێویستمان بە چەند ڕەحلەیەکی مەکۆکی دەبێت، واتا ئەوەی عەرەب پێی دەڵێ (دانوستانەی دواسات) مفاوەزەی ساتەوەختەکانی کۆتایی. کاتێك قسە لەسەر ڕیفراندۆم دێتە پێشەوە، با بۆ میدیاکان نەبن، بە ئەندازەی ئەوەی بۆ ئەوەبن کە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان چەند سیناریۆیەك بۆ خۆی دابنێ، چەند ئەگەرێك دابنێ. لەمەدا پسپۆڕەکانی بواری جوگرافیا، یاساو دانیشتوان دەتوانن چارەسەر بدەنە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانو فایل بدەنە دەست وتووێژکاری کورد، فایل بدەنە دەست جەنابی مام جەلال و نوێنەرانی

کورد له حکومەتی بەغداو سەرۆکایەتی هەرێم و نوێنەرانی کورد لە ماددەی (١٤٠)و ئەو خەڵکانەی ئەندامانی کورد دەبن لە مەسەلەی ڕیفراندۆم لەم شوێنانەدا. زیاتر لەوەی لە ئیعلامدا قسەبکەین، ئەو سیناریۆیانە بخرێنە بەردەست ئەو وتووێژکارانەی کوردەوە، تا بتوانن داکۆکی لێ بکەن و باشترین سیناریۆی تیا هەڵبژێرن.

## ڕاپرسی بیدعەیەك نییە کورد دایهێنابێ

*** زۆرجار دەوترێت ڕیفراندۆم چارەسەر نییە بۆ کێشەی کەرکوك، یان دەوترێت میللەتانی خاکی خۆیان ناخەنە بەردەم ڕیفراندۆم. لە ئێستادا**

**ڕیفراندۆم تا چەند گونجاوەو دەتوانێ بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەری گرفتی ئێمە بکات لەگەڵ بەغدا؟ ڕیفراندۆم تا چەند سەردەمیانەو گونجاوە؟**

-لە ڕاستیدا، لە ئاستی جیهان‌و لە ئاستی مەسەلەی کوردا، مەوزوعی ڕاپرسیکردن بیدعەیەك نییە. ڕیفراندۆم لە ماددەی (١٤٠)دا گەشەپێدانی ئەو بیروڕایانەیە کە (٣٠-٤٠) ساڵە کورد دەربارەی مەسەلەی کەرکوك قسەیان لەسەر دەکات. هەمیشە وتوومانە، بڕۆن لە دانیشتوانەکەی بپرسن، بڕۆن لە خەڵکەکەی بپرسن. بۆ نموونە، لە مفاوەزاتی ساڵی (١٩٧٠)دا دیسانەوە قسە لەسەر ئەوە کراوە کە چۆن وابکەین کەرکوك بچێتەوە سەر

کوردستان. حکومەتی عیراق ئەو مەسەلەیەی هێناوەتە پێشەوە یان ئێمە هێناومانەتە پێشەوە. پرسیار لەسەر ئەوە بووە وتوومانە ئاسایی بکەنەوە، ئینجا بچن سەیری شارەکە بکەن، یەعنی ئێوە بچنە دەرەوە ئەی ئەو کەسانەی هاتوون تەعریبی بکەن، ئینجا بچن سەیری شارەکە بکەن. لەو دانووستانەی ١٩٧٠دا باسکراوە کەرکوك بە ئامار چارەبکرێت، کە ئەوە سەرناگرێت و بەعس شۆڕشی کورد لەناودەبات، تەعریب توندەبێتەوە، لە دانووستانی ١٩٨٤دا داوای ئاساییکردنەوە دەکرێت، ئینجا دواتر کێشەکە چارەبکرێت، لە دانووستانی ١٩٩١دا بڕیاردەدرێت هەندێك ناوچە

بدرێتەوە کوردستان‌و دواتر لە چارەنووسی شارەکە بکۆڵرێتەوە. ئاساییکردنەوە لە ڕاستیدا ڕەنگە لافیتەیەکی عەرەبی سەر دیوارێک بگەیەنێت. هەروەها ئەو هاووڵاتیەش بگەیەنێ کە دەرکراوە. ئەو هاووڵاتیەشی کە هێنراوەتە جێی دانیشتوان لە کەرکوك. بۆیە لەباری مێژووییەوە ئیستفتاکردن مەسەلەیەکی تازە نییە. قۆناغبەندکردنی چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوك وەکو وتم "بیدعە" نییە. لە ئاستی دیکەشدا، ڕیفراندۆم زۆرجار نەك شارێکی چارەسەرکردووە، بۆ نموونە تۆ دێیت ڕاپرسی دەکەیت لە تەیموری خۆرهەڵات، لەسەر تەواوی خاکی

تـــەیموری خۆرهـــەڵات دەیکـــەیت، نـــەك لەســـەر شـــارێك لـــە شـــارەکان. تـــۆ لـــە خەڵکی تەیمور دەپرسـیو دەڵێـی ئـەی خەڵکەکە ئێوە دەتانـەوێت جیاببنـەوە یان بەشێك بن لـە ئەندۆنوسیا. تـۆ بـۆ گوماندەکـەیت لـە نیـشتمانپەروەرێتی ئەو خەڵکەی کەرکوك بۆ پێتوایە دەنـگ بـۆ کوردســـتانێتی کـــەرکوك نـــادەن؟ پێموایـە خـەڵکی تـەیموری خۆرهـەڵات دەنگی ڕاستیان دا. ئێستا لە "کیوبـك" ســـاڵانە دەنگـــدان هەیـــە، خـــەڵك بـەراوردەکات لـە کەنـەدا بمێنێتـەوە باشـــترە یـــان ببێـــت بـــە کیـــانێکی سەربەخۆ. ئێستا وردە وردە سـەرەڕای ئـەو پێـشکەوتنانەی خـەڵکی کیوبـك بـەخۆوەی دەیبینێ، دەنگدانـەکان بـە

ئاڕاستەی ئەوە دەڕۆن کە نەخێر خەڵك بڕیار لە چارەنووسی خۆی بداتو ببێتە کیانێکی سیاسی جیا. لەبەرئەوە نابێ لە مەسەلەی کەرکوکدا لە بیروڕای خەڵکی کەرکوك بترسین، بەمەرجێ ئەو خەڵکە خەڵکە ڕەسەنەکەی کەرکوك بێت کە پێموایە کورد لەوێدا زۆرینەیە. لە چەند ساڵی ڕابردووشدا ئەگەر سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان باشتر ئیدارەی وەزعی کەرکوکی بکردایە، بێگومان دەنگی زۆری عەرەبو تورکمانمان دەبوو. بۆ عەرەب لە سلێمانی موعجەبە بە سلێمانیو بە ئەزموونی سیاسی لە سلێمانیو هەولێر، بۆ موعجب نەبێت بەو ئەزموونە لە کەرکوك؟ بۆ عەرەب موعجیبە بە

"مام جەلال" لە بەغدا، بۆ موعجب نەبێت بە سیاسەتی "مام جەلال" لە کەرکوك‌و کوردستان؟ بۆیە ئێمە دەبێ لەو مەسەلانە نەترسین. ئەو ڕێوشوێنانەش کە بۆت ناگیرێتەبەر، بۆ ئەوەی عەرەبی هاوردە دەنگ نەدات، بۆ ئەوەی کورد لە هەر شوێنێکی کەرکوك بێت مسۆگەری دەنگدان بکرێت، ئەمانە هەمووی ڕێوشوێنی یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی ئێمە لە ڕاپرسی نەترسین. ئەگەر قسە لەسەر ئەوە بێت کەس خاکی خۆی ناخاتە ڕاپرسییەوە، ناتوانم موجەرەدی سەیری بکەم‌و بڵێم ئەم بیروڕایە ڕاستە، چونکە ئەگەر ئێمە بمانتوانیایە لە سەدەکانی پێشوودا، لەسەردەمی

شەڕی چاڵدێراندا، بمانتوانیایە خاکی
کوردستان بپارێزین، ڕۆژی کورد بەم
ڕۆژە نەدەگەیشت. بەداخەوە، ئەم
هەموو خەبات و ڕەنج و عارەقەی شێخ
مەحمود ڕشتی بۆ بزووتنەوەی
سیاسیی کوردستان، ئەگەر بێگومان بە
ئاکام بگەیشتایە، ئێمە ڕۆژمان بەم
ڕۆژە نەدەگەیشت. نەک کەرکوک، بەڵکو
لە حەفتاکاندا هەموومان دەزانین
سلێمانیش کەوتە بەردەم هەڕەشەی
ڕاگوێزان و دەرکردن و بەعەرەبکردنەوە.
ئەگەر کورد باش ئیدارەی سیاسەتی
بکردایە، کوردستان لە بنچینەدا نە
دەلکێندرا بە عیراقەوە. لەبەرئەوە
بەرپرسیاری لە قسەدا،
بەرپرسیارێتیەکی مێژووییە. هەر

قۆناغـە ڕەنگـە بەشێك لـە سـەرکردەی بزووتنـــەوەی کوردایـــەتی لێـــی بەرپرســـیاربن. حاڵـــەتی نموونـــەیی ئەوەیە کە کوردستان هی خۆمان بێت، خـاکی خۆمانـەو هـی باووباپیرانمانـە، بـەڵام ئـەوە لەدەستدەرچـووە، بـۆ بەدەســت هێنانـــەوەی ئـەوە ئێمـــە ڕێوشـوێنمان پێویـستە. مومکینـە لـە ڕێوشـوێنەکاندا نـاکۆك بـین، یـەکێك ڕاپرسی پێ باش بێت، یەکێك پێی باش نەبێت، بەڵام لەڕاستیدا ئێمە بە نەتیجە ئـەوە دەکـەین کـە لەبەردەسـتە. بـە نەتیجـە ئـەوە دەکـەین کـە دەتـوانین بەدەســـتیبهێنین، ئەگـــەر هێـــزی پێـشمەرگە لـەبارە بـا بتوانـێ تـەواوی کوردستان کۆنترۆڵبکات، ئەوەیان کەس

ئـــاوی لـــێ ناخواتـــەوە، ئەگـــەریش لەبارنـــەبێت، بێگومـــان دەبـــێ ئێمـــە ڕێوشـــوێنە یاســـایی‌و سیاســـییەکان ڕەچاوبکەین.

## پەیوەندی تەلەفونی:
## ئەکرەم لە کەرکوك

***دوێنێ ۱۰/۲۹ لە شاری کەرکوك عەبـــدولڕەحمان عاصـــی دانیـــشتنێکی کـــردووە لەگـــەڵ (۵۰) کەســـایەتی عەرەبدا، دەڵێ ماددەی (۱٤۰) "مرفوض جملـة و تفـصيلا". ئایـا کاربەدەسـتانی شـاری کـەرکوك هـیچ بەرپەرچـی ئـەو قسەیەیان داوەتەوە؟**

-ئەگەر قسە لەسەر ئاستی قسە بێت- ئێستا شێخێکی کورد لە کەرکوك

دەتوانێ وەڵامی شێخ عاصی بداتەوەو بڵێ شێخ عاصیو کۆنگرەکەی "مرفوض جملة و تفصيلا"، بەڵام ئێمە شەڕمان لەسەر لێدوان نییە. ماددەی (١٤٠) "جملة و تفصيلا" ڕەفزنەکراوەو ئێستا چەند تەفسیلێکی لە ژێر جێبەجێکردندایە. لەبەرئەوە پێموایە لەبەرامبەر ئەم تییڕوانینە، تێڕوانینی وای کوردی هەیە. یەکێك لە باشییەکانی دیموکراسی کە ڕەنگە یەکێك لە عەیبەکانی دیموکراسیش بێت، دەڵێ هەموو کەسێك دەوێرێ لێدوان بدات. ئەو ٥٠ کەسی کۆکردۆتەوە، پێموایە شێخەکانی کەرکوکیش دەتوانن ١٠٠٠ هەزار کەس کۆبکەنەوەو لێدوانێکی تر بدەن، بەڵام

لەدواییدا عەرەب دەڵێ "من یضحك اخیرا؟"، ئەوە بۆ مێژوو بەجێدێڵین.

*** ئێمە دەبینین سیاسەتو پاکتاوی نەژادی بەدرێژایی مێژووی ڕابردووی لە کەرکوكو ناوچە دابڕاوەکانی تر جێبەجێکراوە، بەلام دەتوانین بڵێین کەرکوك بووەتە سونبولو هێمایەك کە سیاسەتی پاکتاوی نەژادی زۆر بەجدی لە کەرکوكو دەوروبەری پیادەکراوە؟ زۆرجار گلەیی ئەوە دەکرێت کە بۆ هەر باس لە کەرکوك دەکرێت؟ بۆ کۆمەڵێك قەزاو ناحیەی تر هەیە لە جۆری مەندەلی باس ناکرێت؟ پێتوایە فەرامۆشکردنی ئەو ناوچانەیە یا کەرکوك وەکو هێما سەیردەکرێتو**

**باسکردن لە کەرکوك باسکردنە لە هەموو ئەو ناوچە دابڕاوانەی سیاسەتی پاکتاوی نەژادیان لەسەر پیادەکراوە؟**

—هەمووی بوترێت مومکینە واجب بێت، بەس من تەسەوردەکەم بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بایی ئەوەندە کادرو تێکۆشەری هەیە هەریەکەو تەرخان بێت بۆ مەلەفێك. ئێستا پێویستدەکات برا مەندەلییەکان کەسێکیان هەبێتو برا مەخمورییەکان کەسێکیان هەبێ بۆ مەلەفی مەندەلیو مەلەفی مەخمور. ئەگەر یەکێتییە، پارتییە یان حزبەکانی تری کوردستانە، ماشەڵڵای لێ بێ بایی ئەوەندە کادر هەیە کە هەریەك لەو کادرانە تایبەتمەند

بێت بە مەلەفی شوێنێك لەو شوێنانە.
دەنا لە جەوهەرو لە كۆی مەوزوعەكەدا ئێمە قسەمان لەسەر ماددەی (١٤٠)ە كە هەموو ئەو ناوچانەش دەگرێتەوە. ئێمە تا چەند دەتوانین مودەعی بین بەسەر مەندەلییەوە؟ تا ئەو ڕێوشوێنە دەتوانین مودەعی بین بەسەر مەندەلیەوە لە مەندەلی تێكۆشەرێكمان هەبێت كە فایلی مەندەلی ببزوێنێ. نە بەڕێز "مام جەلال" نە بەڕێز "كاك مەسعود" لە سەركردایەتی سیاسیی كورد تەنها ناتوانن ئەم فایلانە ببزوێنن. بزووتنەوەی سیاسیی كوردستان ئەمڕۆ بایی ئەوەندە داموودەزگاو ئەوەندە ئاڵۆزی تێكەوتووە كە بەتەنها كەس و سەركردایەتیەكی سیاسیی كورد

ئیدارەنەکرێت. هەر کەسەو لە ئاستی خۆی دەتوانێ مەلەفی کار ئامادەبکاتو دەبێت کادرەکانو تێکۆشەرەکانی خوارەوە فایل بۆ ئەم مەسەلانە حازربکەن، وەکو وتم بیخەنە بەردەم سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانەوە.

ئەگەر کەرکوکی گلەیی هەبێت لە مەلەفی کەرکوکدا با لە خۆمان بپرسین ئێمە چیمان حازرکردووە بۆ سەرکردایەتی کورد هەتا وەکو مەلەف بیخەینە بەردەستیان؟ برا مەندەلییەکان چی دەخەنە بەردەم سەرکردایەتی سیاسیی کورد، دەربارەی مەسەلەی مەلەفی مەندەلیو خانەقیەکان چی دەخەنە بەردەست سەرکردایەتی سیاسی؟ دەربارەی

مەسەلەی مەلەفی خانەقین. خانەقین ئەوەندە بارودۆخەکەی لەبارە کە وەکو نموونە زۆرجار دەهێنرێتەوەو دەڵێن بۆ لە خانەقین باشینو لە کەرکوک باش نین. لەبەرئەوە مەخمور، سنجار شێخانو شوێنەکانی تر، پێموایە هەموو ئەمانە مەلەفیان هەبێتو ئەم مەلەفانە بە تۆڕێکی پەیوەندیکردن بخرێنە بەردەم سەرکردایەتی کورد، پێموایە لە چارەسەر نزیکدەبینەوە.

## پەیوەندی تەلەفۆنی:

## حسن لە چوارقورنە

***دیارە منو زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانیش پێمانوایە، لەو ڕۆژگارە پڕمەترسییەدا عەلامەتەکانو نیشانەکانی**

موئامەرەگێڕان لە دژی کەرکوك و کورد بەگشتی لەم ڕۆژگارەدا دەرکەوتوە، تەماشا دەکەین وڵاتانی دراوسێ هەندێکیان بە نهێنی و هەندێکیشیان بەئاشکرا نیشانەکانی موئامەرەگێڕانیان هەیە. خەڵکیش پێیوایە نەك هەر ئەو وڵاتانەی دەوروبەر موئامەرەدەگێڕن، بەڵکو هەندێك لە سەرکردە عیراقیەکانیش دەستیان لەو موئامەرانەدا هەیە. هەم بۆ کەرکوك وەکو کەرکوکیش خەڵك لە حاڵەتێکی دەروونی زۆر ناخۆشدایە. لەسەر ئەو مەسەلەیە کاك ستران بڕوای چۆنە؟

## دەبێ تەرکیز بخەینە سەر شەڕی کەرکوک

—ئەی دەوڵەتانی دەوروبەر موئامەرە نەکەن چی بکەن؟ پێموایە ئەو موفرەداتانە دەبێ بگۆڕێن. ئەوان سیاسەت دەکەن، ئێمەش سیاسەت دەکەین بۆ ئەوەی بزووتنەوەی سیاسیمان بەرینە پێشەوەو بەو شێوەیە چارەسەری بکەین کە کورد دەیەوێت. ئەوانەشی سیاسەت دەکەن بۆ گێڕانەوەی مەسەلەی سیاسیی کوردستان، بە کەرکوکیشەوە، بۆ ئەو شوێنەی کە جارانی لێ بوو. ئێمە دەمانەوێت چەند مورەبەعێکی تر بچینە پێشەوە، ئەوانیش دەیانەوێت ئێمە بگەڕێینەوە بۆ مورەبەعی یەکەم،

بەڵام لە ڕاستیدا هەر ئاڵۆزییەکی سیاسیی کە لەناوچەکەدا دەبێت، نابێت وا لە کورد بکات ڕێی ڕاستەقینەی خۆیو ئەولەویاتەکانی خۆی لەبیربکات. کوردو هەموو ناوچەکە لەسیاسەتکردنداینو لەگەڵ یەکتریدا شەڕدەکەین، بەڵام بەشێوە سیاسییەکەی. گرنگترین شەڕ ئەوەیە کورد دەبێ بزانێت کەی کاتو ڕێوشوێنی شەڕەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ، نەك ناچاری بکەن بۆ هەڵبژاردنی ڕێوشوێنەکانی شەڕکردن. شەڕی کورد ئێستا لەسەر کەرکوكو بەدامەزراوکردنی ئەو مافانەیە کە لە دەستووری هەمیشەیی عیراقدا بۆ گەلی کوردستان سەلمێندراوە، بۆ

گەشەپێدانی ئەو مافانەیە کە هەر گۆڕانێك لە دەستووری سیاسیدا دێتە پێشەوە. بۆیە پێموایە شەڕی لابەلا، کورد دەبێ هەوڵبدات خۆی لێ دووربخاتەوەو کات بۆ شەڕەکانی خۆی دیاریبکاتو ڕێوشوێنی شەڕەکان دەستنیشان بکات. هێزو دەسەڵاتو تواناو تەکبیری کورد لەوەدایە کە خۆی کاتو شوێنی شەڕەکانی دیاری بکات، نەك بۆی دیاری بکەن. ئەو مەلەفەی ئێستا لەکایەدایە، مەلەفی لەشکرکێشەکانی تورکیا، کورد دەبێ ڕێوشوێنی سیاسییو دبلۆماسی بگرێتەبەر، بۆ ئەوەی ئەو کاریگەریانەی ئەو مەلەفانە دایدەنێن لەسەر مەسەلەی کەرکوكو لەسەر بزوتنەوەی

سیاسیی کوردستان و هەرێمی کوردستان کەمی بکاتەوەو لایببات. لەمەشدا بەرپرسیارێتی تەنیا هی دەوڵەتانی ئیقلیم نییە، بەڵکو بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆی سیاسەتی کوردی کە چۆن بتوانێ ژیرانە چارەسەری بکات. بەرپرسیارێتیش دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردایەتی پەکەکە، کە بەڕاستی دەبێ سیاسەتێکی پێشکەوتووانەو ژیرانە ڕەچاو بکات. ئەمە چییە هەموو ڕۆژێک بەزمێك دەنێنەوە. لەناو سیاسەتی کوردو بزووتنەوەی سیاسیی لە کوردستانی عیراق دەخەنە بەردەم بەرپرسیاریەتی ئەوەی کێتان دەوێت. پەکەکە یان تورکیا؟ نەخێر نە پەکەکە

نه توركيا. ئێمه كوردستانی عیراق‌و بزووتنه‌وه‌ی سیاسیی كوردستانی عیراقمان ده‌وێت كه سه‌ری بخه‌ین‌و پایه‌داری بكه‌ین. بزووتنه‌وه‌ی سیاسیی كوردستان به‌و ته‌جروبه دوورودرێژه‌ی كه چه‌ند ساڵێكه هه‌یه‌تی له عیراقدا، نابێ وه‌كو منداڵ بخرێته به‌رده‌م پرسیاری ئه‌وه‌ی كه دایكت خۆشده‌وێت یان باوكت؟ نه‌نه‌ت خۆشده‌وێت یان باپیرت؟ بزووتنه‌وه‌ی سیاسیی كوردستان كوردستانی توركیای خۆشده‌وێت یان كوردستانی عیراقی؟ ده‌یه‌وێت كێشه‌كانی كوردستانی عیراق چاره‌سه‌ربكات یان كوردستانی توركیا؟ بزووتنه‌وه‌ی سیاسیی كوردستان ده‌یه‌وێت له‌و هه‌لومه‌رجه

نێودەوڵەتیەی هاتووەتە پێشەوە، ئەو شتانە جێبەجێ بکات کە دەنگدەری کورد لە سەرکردایەتی کوردی داوای کردووە. سەرکردایەتی کورد کە بە هەڵبژاردن چووەتە بەغداو بە هەڵبژاردن لە کوردستاندا حوکمڕانە، لە هەڵبژاردندا بەرنامەیەکی بەرزکردەوە کە خەڵك دەنگیداوەتێ. لەڕاستییدا ئەو بەرنامەیە دیاربەکری تیانییە، ئەو بەرنامەیە یارمەتیدانی قەندیلی تیا نییە، ئەو بەرنامەیە دەڵێ چاککردنی حوکمڕانیی کوردی، پێشخستنی ئەو حوکمڕانیەیە- واتە بەشداریکردن لە حوکمڕانیکردنی عیراق، بەشداریکردن لە دابینکردنی بودجە بۆ هەرێمی کوردستان، بەشداریکردنی لە بەشی

نەوت، بەشداریکردن لە چارەسەرکردنی کەرکوك. بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە سەرکردایەتی سیاسیی کورد نابێت لە هاشوهوش بترسێت، چ هاشوهوشی ئیقلیمی بێت یان هاشوهوشی پەرگیری لە کوردایەتیدا. دەبێ پابەندی ئەو بەرنامەیە بێت کە خەڵکی لەسەر ئەساسی ئەوە دەنگی بەجەنابی مام جەلال‌و بە کاك مەسعود بارزانی‌و سەرکردایەتی کورد داوە. ئێمە نابێ هاشوهوش‌و ئەو شتانەی دەوروبەرمان تەئسیر لە بەرنامە ڕاستەقینەکەمان بکات. دەبێ وەفاداری ئەو بەرنامەیە بین کە بۆ خەڵکمان بەرزکردەوە، وەفاداری ئەو دەنگدانە بین‌و خەڵکیش سبەینێ

لێپرسینەوەی مێژوویی، لێپرسینەوەی دیموکراسی، لێپرسینەوەی پەرلەمانی لە سەرکردایەتی کورد دەکات. لەسەر ئەو شتانەی کە وەعدی پێداوە، نەك لەسەر ئەو شتانەی کە لە خەیاڵی کوردێکی ڕۆمانسییدا دەبێت.

## پەیوەندی تەلەفۆنی:
## عومەر کەرکوکی

**ئێمە لە هەشتاکانەوە لە دەرەوەین و تەرحیلکراین لە قوڵی سلێمانی گەڕاینەوە. کۆمەڵێك خەڵکی شۆڕشگێڕو دڵسۆزو خەڵکی شارەکە گەڕاینەوە بەدوو وەجبە گەڕاینەوە. هەیە هیچی بۆ سەرفنەکراوە، لەو قوڵە**

گەڕانـــەوە ٢٠ وەرەقـــە و ٣٠ وەرەقـــە سـەرفکرا. هـەر ئـەو کەسانەی کـە ٣٠ وەرەقەکەشیان بۆ سەرفکراوە لـە کـوێرا یان لـە ٥٠ عـەلی حـەوت ملیۆنیـان بـۆ سەرفکراوەتەوەو لـە دوو شـوێن زەویـان وەرگرتـووە. فـەرق و جیاوازییـەکی زۆر کراوە. ئێمـە ئێـستا چـۆن داکـۆکی لـە شاری کەرکوك بکەین؟ لەبەرئـەوە یـەك ئۆفیس نییە، هەیە لـە قـۆڵی هـەولێرەوە دێت پارەی بـۆ سـەرفدەکرێت دەفتـەرە فـەرق و جیاوازییـەکی زۆر هەیـە لـە کەرکوك. هیوادارم کاك ستران دەنگی خەڵکی کەرکوك بگەیەنێتە سەرەوە. بـۆ ئەوەی ببێتـە یـەك ئـۆفیس. بـۆ ئـەوەی هەمووی لەیەك پەنجـەرەوە عەریزەکـەی تەقدیم بکات بۆ مەسەلەی کەرکوك.

-من لەگەڵ قسەكانی ئەوم.

وەكو وتم دەبێ ئەم مەسەلەیە، مەسەلەی گەڕانەوەو ئاوەدانكردنەوەو جێگیركردنی خەڵك لە كەركوك، لە چوارچێوەی سیاسەتێكی گشتییدا بێت، نەك لە چوارچێوەی فەرق و جیاوازیدا بێت، چونكە جەوهەری كاركردنی ئێمە دەبێت جەوهەرێك بێت جۆرێك لە عەدالەت و یەكسانی تیادا بێت. بێگومان یەكسانی موتڵەق نییە ، بەڵام ئەو كەسەی گەڕاوەتەوە، دەنگدەرە وەكو من، وەك هەر مەسئولێكی تری كەركوك، وەكو هەر مەسئولێكی تری یەكێتی و پارتی. لەبەرئەوە مادام دەنگی هەیە، دەبێت ئەم ناوەڕۆكە دیموكراسییە لە پێدانی

مافیشدا ڕەچاوبکرێت، چونکە ئەو هاوڵاتییەی ئێستا قسەیکرد، وەکو منو هەر کەسێکی تر دەنگی حسابی بۆ دەکرێت لە چارەنووسی کەرکوکدا. لەبەرئەوە دەنگی ئەو دەنگی هەر سەرکردایەتیەك کە لە کەرکوك بێت هەمان ئەو دەنگەیە. بۆیە پێموایە دەبێ مافی ئەویش هەمان ئەو مافە بێت.

*** ئێمە کە باس لە ڕیفراندۆم دەکەین لە شاری کەرکوك. دیارە ئەو ڕیفراندۆمە لە کەرکوكو شوێنەکانی تریش دەکرێتو ژمارەی دەنگدەران چارەنووسی ئەو شارو قەزاو ناحیانە یەکلاییدەکاتەوە. ئێمە**

پێویستمان بەوەیە زۆرینەی خەڵکی کەرکوك دەنگی بەوە بدات کە بڵێن ئێمە دەگەڕێینەوە سەر هەرێمی کوردستان. دیارە لە شاری کەرکوکدا تورکمان و عەرەبیش دەژین، هەڵوێستی عەرەب و تورکمان سەبارەت بە ڕیفراندۆم و دەنگدان بە کوردستانیبوونی کەرکوك چۆنەو تا چەند توانیوومانە کەسپی دەنگی عەرەب و تورکمان بکەین، بۆ ئەوەی دەنگ بەو پرۆسەیە بدەن لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان و گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەدەر لەو عەرەب و تورکمانانەی کە ئیدی سوێندیانخواردوە سەرکردایەتی

**سیاسیی کورد فەرشی ئاڵتونیشیان بۆ ڕابخات ئەوان هەر دەنگی پێنادەن؟**

## جارنامەی مافی نەتەوەکانی کەرکوکمان پێویستە

-پێموایە ئەوانەشی کە سوێندیان خواردوە، ئیمکان هەیە لە سوێندەکەیان پەشیمان بنەوە. بەچی مانایەك، بە مانای ئەوەی کە کەس لەخۆڕا مەوقیفێکی سیاسی موتڵەق وەرناگرێ. یانی من بیروڕایەکم هەیە لەسەر ساتەوەختی ڕاپرسی، لێرەوە هەتا کاتی ڕاپرسی دێت لەسەر کەرکوك، پێموایە سەرکردایەتی سیاسیی کورد داوای لێ کراوەو

پێویستدەکات هەم لەبەر کوردستان، هەم لەبەر چارەسەری دیموکراسیانەی مەسەلەی کەرکوک، هەم بۆ نیشاندانی ڕووی گەشەداری ناسیۆنالیستی کوردی کە ناسیۆنالیستێکی داخراونییە، پێویستە جاڕنامەیەك ئیعلان بکات. لەم جاڕنامەیەدا پتر لە چارەسەرێك بۆ بارودۆخی کەرکوك ڕەچاوبکرێت. بۆ نموونە، لە جیاتی ئەوەی ئێمە بێنین مەسەلەی ماددەی (١٤٠) بخەینە بەردەم بەرپرسیارییەتیو یەکێك وەکو ئەلعاسی بلّێ مرفوض جملة و تفیصلا ئێمە بێین لەپاڵ ئەم چارەسەرە دەستوورییەدا کۆمەڵێك پێشنیازی تر بخەینەڕوو و قەناعەتیشمان بەو موقتەرەحاتانە

هـەبێت، نـەك بـۆ تـەكتیكو سیاسـەت بێـت، نـەك وەك ئـەوە بێـت كـە بڵـێین مەسەلەن- كاتی خۆی لە دروستكردنی دەوڵـەتی عیراقـدا كۆمـەڵێك بـەڵێن بـە كـورد دراوەو دوایـی پاشەكـشێی لـێ كـراوە- نـەخێر كۆمـەڵێك بـەڵێن بـە عەرەبو توركمـان بـدرێتو جێبـەجێش بكرێن. ئەسڵی داوای ئێمە بۆ كـەركوك چـییە؟ گێڕانەوەیـەتی بـۆ سـەر كوردسـتان، بـەڵام دەتـوانین لـە چوارچـێوەی كوردسـتاندا هەنـدێك ئیمتیازی ئیداری، ڕۆشنبیریو ئـابووری بـدرێت بـە عـەرەبو توركمانـەكانی كـەركوك. دیـارە لـە عـەرەب مەبەستم ئەوانـە نییـە كـە هـاتوون، مەبەسـتم ئەوانەیەكـە دەنـگ بـە چارەنوسـی

کـــەرکوك دەدەنو کۆمـــەڵێك شـــت ڕەچاوبکرێت، تایبەتمەندی کورد ڕەچاو بکرێت. لە هەموو شوێنێکی دنیـادا، لـە هەموو نیشتمانێکدا شوێن هەیە سـاف لـە نەتـــەوەی سەردەســتە، شــوێنیش هەیە تێکەڵەیەکە لە چەند نەتەوەیـەك، لـەو شــوێنانە چارەســەری نموونـــەیی گونجـاو ئـەو چارەسـەرەیە کـە ئـەو تێکەڵیە نەتەوەییە ڕەچـاوبکات. ئێمـە دەتـــوانین وەکـــو کـــورد کۆمـــەڵێك ئیمتیـــازی ئیـــداری بـــدەین بـــە بـــرا تورکمانـــەکانمان، چـــونکە ئەوانـــە دانیـشتوانی ڕەســـەنی کــەرکوکنو لــە چوارچـێوەی ڕەوێکـی مێژوویـدا لـەوێ نیشتەجێبوون. دەبێ لەسەر ئەمە کورد هیچ سڵ نەکاتەوە. بـەڵێ ڕەنگـە نـاوی

بنـێین تـەنازولات، مـن نـاوی دەنـێم کۆمـەڵێك باوەشـپێداکردن بـۆ بـرا تورکمانـــەکانو عەرەبـــەکانو مەسـیحییەکان کـە ماونەتـەوە لــە کەرکوك. ئەمـە وەکو پەیماننامەیەکی مێژوویی دەمێنێتـەوەو ئـەوان دەخاتـە بەردەم بەرپرسیارێتی ئەوەی کە ئەگەر تورکمانێـك تورکمـانی خۆشـدەوێت، دەبـێ ئـەو چانـسانەی دەخرێتـە بەردەسـتی وەری بگرێـت. خـوا ئـەو کوردە بگرێت ئەگەر حکومەتی عیراقـی مافی دەداتـێو بڵـێ وەڵڵا قبولم نییـە، خـوا ئـەو تورکمانـە بگرێـت، ئەگـەر حکومـەتی کوردسـتانو سـەرکردایەتی سیاسی کوردستان مافی بداتێو بڵێ بـە دڵـم نییـە. پێـشموایە سـەرکردایەتی

سیاسیی تورکمان، چ ئەوەی جەبهەیە، چ ئەوەی لە دەرەوەیە، دەبیّ بایی ئەوەندە تێگەیشتنی سیاسیان پەیدا کردبێت کە نەتەوەی تورکمان نەخەنە بەردەم چارەنووسی نادیاری ئەوەی کە تەنها ببن بە ئەداتێك لە پەکخستنی کوردستانییەتی کەرکوکدا، لە جێی ئەوەی ببن بە ئەداتێك بۆ گونجاندنی مافەکانی تورکمان لەگەڵ ئەو کوردستانیەتەی کە بەڕێوەیە. بێگومان بۆ عەرەبی ڕەسەنی شاری کەرکوکیش هەمان ئەو قسەیە ڕاستە، چونکە دیاریکردنی چارەنووسی کەرکوك بۆ گێڕانەوەی بۆ کوردستان، مانەوەی کورد لە ناو عیراقدا پتەوتردەکات. مانەوەی کوردو کوردستان لەناو

عیراقدا مانای وایە کە عەرەب جگە لەوەی هاوڵاتی کوردستانییە لە کەرکوکی کوردستاندا، هاووڵاتی عیراقیش دەبن‌و حکومەتی عیراقیش دەتوانێ لە ڕێی پرۆتوکۆڵی ئیمزاکراوەوە لەگەڵ سەرکردایەتی کوردا مافی زیاترو ئیمتیازی زیاتر بۆ ئەو عەرەبانە وەربگریت، لەکاتێکدا نەگێڕانەوەی کەرکوك بەڕێوشوێنی سیاسی‌و یاسایی بۆ سەر کوردستان، مەسەلەی کەرکوك‌و مەسەلەی تەواوی عیراق دەخاتە بەردەم هەڕەشەو ئایندەیەکی نادیارەوە، کە پێموانییە ئەو ئایندە نادیارە برا عەرەبەکان لە تەواوی عیراقدا قبوڵیان بێت تا بچێ لە کەرکوکدا قبوڵی بکەن. لەجیاتی ئەوە

ڕێوشوێنی مەنتیقی هەیە کە کەرکوك بەشێکە لە کوردستان، کوردستانێك بەشێکە لە عیراق کە عەرەبەکانیش لە چوارچێوەی عیراقدا تا ئێستاکە برا گەورەن. لەبەرئەوە بۆ لەوە دەچێ سڵدەکەن ببنە دانیشتوانی کوردستانێك کە خۆی بەشێکە لە عیراق.

***لەناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٥ یا لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٥دا بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیم لەگەڵ جەنابت لە کەرکوك ئەنجامدا، لە یادمە سەبارەت بە تەعریبی زمان و کولتوورو فەرهەنگی کوردی قسەمانکرد، کە بە درێژایی ئەو ساڵانەی ڕابردوو تەعریب پەروەردەشی گرتۆتەوە،**

**زمانی خەڵکیشی گرتۆتەوە، لەناو شاری کەرکوکدا، ئەو کاتە جەنابت باست لەوە کرد کە ڕۆژنامەو هەموو کەناڵەکانی پەروەردەش ڕۆڵی باشی بینیووە. ئێستاش ڕایدەگەیەنی کە زۆرترین خوێنەر لە ناو شاری کەرکوکدا خوێنەری ڕۆژنامە عەرەبییەکانە.**

—ئێستاش هەروایە. زۆر شت هەیە خەتای نە شۆڤێنییەکانە، نە سوپای تورکیایە، نە داگیرکەرانی کوردستانە، بەڵکو خەتای خۆمانە وەکو گەلی کوردستان، وەکو میللەتی کورد، هەروەها پێموایە بەشێك لە گێڕانەوەی کوردستانییەتی کەرکوك ئەوەیە کە سەرکردایەتی سیاسی

کورد، وەکو وتم، بە پلانی مارشاڵەوە ئیش لەسەر کەرکوك بکات. ئەو پلانی مارشاڵەش بواری ڕۆشنبیریش بگرێتەوە. کێ ڕێگرە لە کورد، ئەگەر شەش زانکۆ بکاتەوە لەسەر زمانی کوردی، یەکێکیان بەناوی پیرەمێردەوە، یەکێکیان بەناوی حاجی قادری کۆییەوە. بینا بکڕە، دامودەزگا بکڕەو لە کەرکوك دایبنێ. بزانم هەزاران خوێندکار لە شوێنەکانی تری کوردستانەوە بۆی دێنو بەشدارییەکی نەرمونیان لە کوردستانیەتی کەرکوکدا دەکەن. کێ ڕێگرە لەوەی کە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان یارمەتی خوێندەوارەکانی کەرکوك بدات کە شەش جەریدەی ڕۆژانەت هەبێ لە

کـــەرکوك کـــە ببێتـــە ســـیمایەك لـــە سیماکانی کوردستانیەتی کەرکوك. من پێموایە بەشێکی گەڕانـەوەی کـەرکوك بـــۆ ســـەر کوردســـتان لـــە ئەســـتۆی خۆماندایـە. پێموایـە شـەش جەریـدەی کـوردی لـە کـەرکوك دروسـتبکە ڕۆژانـە دانەیـــەکی عـــەرەبی ڕۆژانـــە بـــۆ بـــرا عەرەبـــەکان و دوو دانـــەی تورکمـــانیش بکە، ئەوە هەم ئـەرکی کوردستانیەتی خـــۆت جێبەجێدەکـــەیت، هـــەم ئـــەرکی تورکمانییەتی و هەم ئەرکی دڵڕازیکردنی بـــرا عەرەبـــەکانیش ڕەچـــاودەکەیت. پێموایە ئەمانە واجبی کـورد خۆیـەتی و نـــە خـــەتای ڕێـــزدار نـــوری مـــالکی و نـــە خـــەتای ڕێـــزدار ئیـــبراهیم جەعفەریـــە. خـــەتای کـــورد خۆیـــەتی کـــە خـــوا

دەمانگرێ ئەگەر ئەو کەرکوکەی ئەو
هەموو خوێنەمان بۆ ڕشت تۆزێک
پارەی بۆ خەرج نەکەین.

## لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن

١- هونەری ڕۆژنامەنووسیی
٢- فیکری ووردیشی دەوێت
٣- ئەمەیە ئەمریکا
٤- موقف العراقيين من النظام الفدرالى
٥- لە پەراوێزی ئەنفالدا
٦- ڕۆژنامەی سۆڤییەتی کوردستان
٧- زۆرانبازی کورد
٨- کۆڕی هەواری خاڵی
٩- ڕۆژنامەگەری کوردی بە زمانی فەڕەنسی
١٠- في نقد السرد القومي و حمولتة الرمزية ((مقالات))
١١- فەنتازیای خواردن
١٢- ڕاپۆرتی گروپی دیراسەکردنی عیراق
١٣- هەردی و ڕۆمانسیزمی خود
١٤- لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیدا وتاری بیرەوەریی هاوار